# ژنان

خەرمانانی ١٣٩٥
September 2016
٤٤

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ




رۆڵ و دەوری ژنانی رۆژهەڵات
لە چالاکییە مەدەنییەکان دا



هەنگاو بە هەنگاو
بۆ نەمانی توندوتیژی دژی ژنان

ژنانی
بێ سەرپەرست

تاوان
لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا

# پێرست


ژنانی بێ سەرپەرەست توێژی لە بیرکراوی کۆمەڵگا ٢

تاوان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا ٥

ئەرێ ژن بوون تاوانە؟! ٧

ڕۆڵ و دەوری کچان و ژنانی ڕۆهەڵاتی لە چالاکییە مەدەنی یەکاندا ٩

یاسای تاوانی سیاسی، دەمامکی دێموکراسی بەسەر دیکتاتۆریدا ١٠

گوریس ڕاکێشانی نێوان باوان و نەوە ١٣

هەنگاو بە هەنگاو بۆ نەمانی توندوتیژی دژی ژنان ١٦

خورافات و نەبوونی زانیاری لەوبارەوە بەشی ١ ١٨

وتووێژ لەگەڵ سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ٢١

وەرزشی ٢٦

ئەدەبی هونەری ٢٧

کاروچالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ٣٠

پەیامی هاوبەشی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی لاوان بە بۆنەی٢٥ی گەلاوێژ ٣٤



دەستەی بەڕێوبوری ؛

عیسمەت نستانی، کوێستان فتوحی، شاناز کاکە ئازەر، موژگان عەلیپوور

هاوکاران؛ پێداچوونەوە:

سروشت موسایوور نەسرین حەداد



ژنان

وەرزانەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبیە





ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی:

yaketi.jinan.demokrati.kurd-ist@gmail.com



دیزاینی بەرگ:

ئەیوب شەهابی راد

دیزاینی ناوەوە:

موژگان عەلیپوور



کتێبخانەی دیجیتاڵی

www.rabari.org

# ژنانی بێ سەرپەرەست توێژی لە بیرکراوی کۆمەڵگا



نووسین:شاناز کاکە ئازەر

دیتنی دیمەنی ژنێکی دەستفرۆش لە سەر شەقامەکان، چ لاو بێ چ بەتەمەن، دیمەنێکی دڵتەزێنە و هەستی مرۆڤ بریندار دەکا.

ئەوەی کە ژنێک بەم ڕووحە ناسک و هەستیارەیەوە ناچار بێ کارگەلێک بکا کە هەستی ناسکی ژنانەی خەوشدار بکا، بە دڵنیایی هۆکارێکی گەورەی لە پشتە کە دەرخەری برین و ناسۆرێکی یەکجار قووڵ و کارییە، کۆنە برینێک کە دەبێ کۆمەڵگا مەرهەمی بدۆزێتەوە.

ژنێکی نێوانساڵ، لە پشت چرای سووری یەکێک لە شەقامەکانی شار بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کار دەکا. دەمامکێکی گەورەی لە دەموچاوی داوە. جلێکی فش و فۆڵ و درێژی لە بەر دایە و سەرپۆشێکی ڕەشی بە سەرەوەیە.

ئەم خاتوونە بەیانیان ڕۆژنامە دەفرۆشێ و ئێوارانیش وردە شتی دیکە، دەسەسڕەی مەتبەخ لە پێش خۆی دادەنێ و چاوەڕێی کڕیار دەبێ. هێندێک جاریش کەگوڵی دەست کەوێ دێنێ و دەیفرۆشێ. وەک بۆخۆی دەڵێ لە کاتژمێر ٥ یا ٦ی بەیانییەوە دەست بە کار دەبێ و تا ٨ یان ٩ی شەو بە بێ پسانەوە کار دەکا.

ماڵی ئەم ژنە ڕێگای سەعات و نیوێک لە شوێنی کارەکەی دوورە، ئەویش ئەگەر تووشی ترافیک نەبێ. هەر بۆیە لە بەیانییەوە کە دێتە سەر کار تا شەو ناتوانێ سەردانی ماڵەوە بکاتەوە. ئەو دایکی کوڕێکی ١٢ ساڵە و کچێکی ١٦ ساڵەشە. منداڵەکانی لەو کاتەوە کە لە قوتابخانە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ هەر بە تەنیان و کەس نییە چاوی بە سەریانەوە بێ.

ماوەی ٣-٢ ساڵە مێردی ئەم ژنە ون بووە و کەس بە سەر و سۆراغی نازانێ. وەک بۆخۆی دەڵێ مێردەکەی موعتادە بوون و نەبوونی وەک یەکە، هەروەها دەڵێ کاتێک کە مێردەکەی لە ماڵیش بووە حاڵیان هەر ئەو حاڵە بووە، ئێستاش تەنیا لێدان و کوتانەکە نەبێ چی دیکەیان لێ کەم نەبۆتەوە، چونکە هەر کات پووڵی لێ برابا دەهات و بە زەبری کوتەک هەرچی هەیانبا لە دەستی دەردێنان و دەیبرد خەرجی مەوادی دەکرد. ئەم خاتوونە چارەڕەشە دەڵێ: ماوەیەکی زۆر سەرباری خەڵک بووم تا بەم ئەنجامە گەیشتم بۆخۆم بڕۆم لە فکری کا کردن دابم. چوومە هەر جێگایەک کاریان نەدەدامێ، یان داوای گەرەنتییان لێ دەکردم یا دەیانگوت دەبێ شارەزایی تەواوت بە سەر کارەکەدا هەبێ. بە ناچار ڕووم لە کاری دەستگێڕی کرد و پەنام بۆ شەقامەکانی شار برد.

ژنی بێ سەرپەرست کێیە؟

بەپێی پێناسەکانی ڕێکخراوی بێهزیستیی ئێران، لە نێو بنەماڵەکاندا زۆرتر پیاو واتە باوک بە سەرپەرستی بنەماڵە لە قەڵەم دەدەن، بەڵام هێندێک جار ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی دایک. بەم جۆرە کە ئەو ڕێکخراوە پێناسەی بۆ کردووە ژنانی سەرپەرستی خێزان بریتین لە: بێوەژنەکان، ژنانی تەڵاقدراو٠ (ئەم ژنانەی پاش تەڵاق بە تەنیا دەژین یان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی باوکیان، بەڵام بۆخۆیان بژێوی ژیانیان دابین دەکەن)، ئەم ژنانەی کە مێردەکانیان موعتادە، ئەم ژنانەی کە مێردەکانیان سەربازە، ئەم ژنە بەساڵاچوویانەی کە مێردیان نییە و بە تەنیا دەژین "خود سرپرست"، ئەم کچانەی کە قەت شوویان نەکردووە و سەرپەرستیشیان نییە، یان ئەو ژنانەی کە مێردی پەک کەوتە و بەساڵاچوویان هەیە.

ژنانی سەرپەرستی خێزان ژنانێکن کە بەبێ پشتیوانی کردنی پیاوێکی گەورەساڵ، ئەرکی سەرپەرستیی بنەماڵەیان لە سەر شانە و سەرپەرستی خێزانیش بە کەسێک دەڵێن کە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئابووریی بنەماڵەی لە ئەستۆ بێ و هەروەها بەرپرسی بڕیارە سەرەکی و ژیانەکییەکانی بنەماڵەش هەر ئەو بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لایەنانەیە کە ئەم ژنانەی لە بواری ئابوورییەوە تووشی گرفت کردووە، چونکی زۆربەیان بە هۆی نەبوونی شارەزایی باش بە ڕاددەی پێویست داهاتیان دەست ناکەوێ و هەر ئەم هۆکارەش ژیانی پڕمەینەتی ئەم ژنانەی تاڵتر کردووە.

لایەنێکی دیکەی کێشە ئابوورییەکانی ئەم توێژەی کۆمەڵگا بۆ شوێنی نیشتەجێ بوون دەگەڕێتەوە، هەر ئەم هۆکارەش بۆتە داڵغەیەکی گەورە لە ژیانی ئەواندا، چونکی ئەم ژنانە بە هۆی کەم بوونی ئاستی داهاتیان ناتوانن خانوویەکی باش بە کرێ بگرن و ناچارن لە گەڕەکە هەژارنشینەکان و بە کرێیەکی کەم شوێنێک بۆ حەوانەوەی خۆیان بدۆزنەوە، ئەوەش گرفتی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆی هەیە یا ئەوەی کە ژیان لەم خانووە ناستانداردانەدا مەترسی دەخاتە سەر تەندرووستیی ئەوان.

هەروەها کێشەی هەژاری زۆرتر لە نێو ئەم بنەماڵانەدا دەبیندرێ کە ئەرکی سەرپەرستی کردنی لە ئەستۆی ژنێک بێ. هۆکاری هەژاریی ئابووری، بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری لە سەر باری دۆخی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژی ئەم بنەماڵانە دادەنێ. زۆربەی ئەم ژنانە بە هۆی دیکە لە گرفتەکانی بەردەم ئەم ژنانەیە، بەم جۆرە کە توێژینەوەکان دەریان خستووە ئەم ژنانە کاتێکی زۆر بۆ کار کردن تەرخان دەکەن، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی کەم بوونی کات و کەمتەرخەم بوون بە نیسبەت لایەنە فەرهەنگی، فێرکاری و پەروەردەییەکان لە نێو ئەم خێزانانەدا.

کێشەیەکی حاشاهەڵنەگری دیکە لەم بەینەدا، کێشەی کۆمەڵایەتییە. لە نێو کۆمەڵگادا بە بەردەوامی بە نیسبەت ژنانی سەرپەرستی خێزانەوە ڕوانگەیەکی خراپ هەیە بە جۆرێک کە ئاستی متمانە کردن بەم ژنانە لە کۆمەڵگادا یەکجار کەمە. ئەم ڕوانگە خراپە دەبێتە هۆی خەوشدار بوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ژنانە لەگەڵ کەسانی دەوروبەریان، چونکی ژنێکی سەڵت، یان بێوەژن یا ژنێکی تەڵاق دراو کە بە تەنیا و بە بێ پیاو بژی، ئەوا بە دیدی ژنانی دیکەوە وەک مەترسییەک سەیر دەکرێ، مەترسییەک کە پێویستە خۆی لێ دوور ڕابگرن و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانی لەگەڵ بپچڕێنن، بەم پێیە هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ژنە سەڵتانە لە نێو کۆمەڵگادا خەوشدار دەبن. لێرەدا ئەگەر ژنەکانیش بە ڕوانگەیەکی خراپەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەیری ئەم دەستە لە هاوڕەگەزەکانی خۆیان نەکەن و لە کۆڕی خۆیاندا جێیان بۆ بکەنەوە، ئەوا دەستەیەک لە پیاوەکانی کۆمەڵگا بە هەر هۆیەک بێ بە ڕەشبینییەوە سەیری ژنەکانی خۆشیان دەکەن و هەوڵ دەدەن لە دۆستایەتی کردن لەگەڵ ئەم ژنانە دووریان بکەنەوە.

بێ گومان دەرەنجامەکانی بوونی ڕێژەیەکی زۆر لەم ژنە لاو و نێوانسالانەی کە ئەرکی سەرپەرستیی کردنی بنەماڵە و منداڵەکانیان لە ئەستۆیە و ولام نەدرانەوە بە پێویستییە سروشتی و سۆزداری و ئابوورییەکانیان بەرۆکی کۆمەڵگاش دەگرێتەوە و ئەگەر زۆر بە خێرایی بە بارودۆخی ئەم ژنانە ڕانەگەن کە زۆربەیان لە بواری ئابوورییەوە لە دۆخێکی خراپ دان، بنەماڵە و منداڵەکانیان تووشی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر کێشەی ڕووحی و ڕەوانیی دیکە دەبنەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی تێکچوون و نەخۆشییە دەروونییەکان لە کۆمەڵگادا و هەژاری و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنن.

پێش ئەوەی کە کێشەی ژنانی بێ سەرپەرست ببێتە قەیران دەبێ ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە هاوکاری کردنی ڕاستەوخۆی ئەوان دەبێ لە هەوڵی ئەوەدابن کە یارمەتی ئەم ژنانە بدەن تا بتوانن تواناکانی خۆیان نیشان بدەن و زیاتر لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستن.

ئاستی خوێندەواریی و شارەزاییە فەننییەکانی ژنانی سەرپەرستی خێزان لە چاو ژنانی دیکەی کۆمەڵگا لە خوارێیە، بەم پێیە ئەگەری ئەوەش زۆرترە کە ئەم ژنانە لە کاتی بەشداری کردن لە چالاکییە ئابوورییەکانیشدا کارێکی ئەوتۆیان پێ نەسپێردرێ و بە مووچەی کەمیش ڕازی بن.

لەم بەینەدا یەکێک لە ڕێگە گرینگەکان لە پێناو بەتوانا کردنی ژنانی سەرپەرستی خێزان، یارمەتیی ماڵی و مەعنەوی بەم ژنانەیە. ئەگەر کار و شوغڵێکیشیان پێ دەسپێردرێ دەبێ بیمەی لەگەڵ بێ تا لە کاتی پیری و بەسالاچوویدا بۆ جارێکی دیکە تووشی ئەم ڕۆژانە نەبنەوە.

ئەگەر مەبەست لە پرۆسەی بەتوانا کردنی ئەم ژنانە ئەوە بێ کە بۆخۆیان لە هەوڵی دۆزینەوەی کارێکدا بن تا بتوانن سەرچاوەی ماڵیی خۆیانی پێ دابین بکەن، ئەوا ئەم شێوازەش دەتوانێ ڕێگری لە ئەگەری سەرهەڵدانی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بکا. بۆ نموونە ژنێک کە هونەرێکی هەیە وەک "بەرگ دروون یان جوان کاری" دەبێ یارمەتی بدرێ تا بتوانێ ئەم هونەرەی خۆی دەربخا، لەم کاتەدا ئەم ژنە جگە لە وەی کە بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی دابین دەکا، لە بێکاریش دوور دەکەوێتەوە و ئەوەش بۆخۆی خزمەتێکی یەکجار زۆرە بەم ژنانە و تەنانەت بە سەرتاسەری کۆمەڵگاش، چونکی بێکاری سەرچاوەی سەرهەڵدانی زۆربەی تاوانەکانە.

لە لایەکی دیکەشەوە گۆڕینی ڕوانگەی کۆمەڵگا لە سەر ئەم کەسانە دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ، چونکی ئەم ئاڵوگۆڕە وایان لێ دەکا زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن و بتوانن سوود لەم هاوکارییانە وەربگرن.

بە دڵنیایی هان دانی خەڵک بۆ پشتیوانی کردن لەم ژنانە و بە چالاکی کردنی ئەوان لە بازاری ئابووریدا، هەروەها ناسینی لێهاتوویی و توانا تاکەکەسی و گشتییەکانی ژنانی سەرپەرستی خێزان، دەتوانێ هەنگاوێکی باش بێ بۆ چارەسەری گرفتی ئەم توێژەی کۆمەڵگا.

بە سەرنجدان بە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگا و بە بەرز بوونەوەی ئاماری تەلاق و لێک ترازانی خێزانەکان، ڕێژەی ژنانی بێ سەرپەرست ڕوو لە هەڵکشانە. بۆ ئەوەش پێویستە کاربەدەستانی کۆمەڵایەتی لە هەوڵی کەم کردنەوەی ئەم ئامارە دابن کە بەرە بەرە خەریکە دەبێتە قەیرانێکی قەرەبوو نەکراو، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئاورێکیش لەم توێژە بدرێتەوە، چونکی ئاسوودەیی ئەوانیش وەک بەشێک لە کۆمەڵ دەتوانێ بەختەوەریی تەواوی کۆمەڵگای لێ بکەوێتەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org

# تاوان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا



نووسین:شلێر مەحموودی

با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، تاوان چیە و چۆن سەری هەڵداوە و بۆ سەری هەڵداوە؟ ئێمە کە وشەی تاوان و تاوانبار دەبیستین یەکسەر بیرمان بۆ کوشتن دەچێت،چونکە دژوارترینیانە، بەڵام تاوان بریتییە لە ئەنجامدانی هەموو کارێکی نارەوا. لە ژیانی مرۆڤایەتی دا قۆناغی جیاواز هەبووە و لەهەریەک لە قۆناغەکانیش پێوەر هەبووە بۆ دیاریکردنی کاری رەواو نارەوا، لە ناو باوەڕی ئاینەکان و فەلسەفیەکاندا ئەو پێوەرانە دەست نیشان کراون و نزیکەی هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی درۆ و دزی و توندوتیژی و کوشتن لە تاوانەکانن و کوشتن لە تاوانە هەرە گەورەکانە. قانوون دەڵێ (سەرپێچی، کەتن، تاوان ). بۆ ئەوەی بزانین مرۆڤ بۆ تاوان دەکات، دەبێ بپرسین مرۆڤ بۆ کاری نارەوا دەکات؟ بەشی زۆری کارە نارەواکان لە پێناوی بەرژەوەندیەکاندا دەکرێن، کەواتە لەو دەمەوەی بەرژەوەندی درووست بووە کاری نارەواش کراوە و تاوانیش ئەنجام دراوە.

ئاینە جیاوازەکان تەرحی جیاوازیان هەبووە بۆ نەهێشتنی تاوان، هەندێکیان ویستوویانە تاوان بە تاوان چارەسەر بکەن و بە شیر و تیر روبەڕووی تاوانکاران ببنەوە، بەڵام ئەو جۆرەیان تاوانەکان قوڵتر دەکەنەوە، بۆ نموونە ئەو رێکخراوە تیرۆرستیانەی کە مۆرکێکی ئاینیان هەیە و دەیانەوێ بە توندوتیژی و تەقینەوە و کردەوەی خۆکوژی وخەڵک کوژی کێشەکان یەکلا بکەنەوە و لە ئاکامدا کێشەکان قوڵتر دەبنەوە و بە هەزاران تاوانی تریش ئەنجام دەدرێن، بەڵام ئاینی واش هەیە کە بە هێمنیەوە چارەسەری کێشەکان وململانێکان دەکات و لە روانگەیەکی پاکی رۆحیەوە دەڕوانێتە مرۆڤ و ژینگەکەی و بیاریدەکانی دەورووبەری. بۆ نموونە لە ئاینی بوودا هەوڵی تێگەیاندنی مرۆڤ هەیە لە ناوکی رۆحی خۆیی و نەمری ئەو رۆحە وپەیوەندیەکی هەمیشەیی لەگەڵ خوایەکی مێهرەبان وجوان، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات لەگەڵ خۆیدا هەردەم لە ئاشتی دا بێت و ئاشتیخواز بێت.

ئەو ئایینانەی نەفرەت دەکەن لە توند و تیژی دەتوانن مرۆڤی واش پەروەردە بکەن کە بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی تێبکۆشێت، کەواتە ئایین هەیە لە هەناوی خۆیەوە مرۆڤی ئاشتیخواز پێک دێنێت. مەهاتما گاندی پەروەردەی ئایینێکە کە ڕایدەهێنێت دوژمنەکەی خۆی خۆش بوێت بۆیە ئەویش ئەم پەیامە دەداتەوە بە ملیۆنان خەڵک و دەبێتە ڕابەری ئاشتی لە هەموو دنیادا. گاندی دەڵێت " ئەوە خۆشەویستی نییە کەسێکت خۆشبوێت کە خۆشیدەوێیت، بەڵکە ئەوە خۆشەویستییە کەسێکت خۆشبوێت کە ڕقی لێتە". ئەمە ڕێگەیەکە ڕێگا لە ئاڵوگۆڕی وزەی ڕەشی قین و بەدکاری دەگرێت.

تاوان هەر جۆرێکی تاوان بێت پەیوەندی بە گرێچنە هەرەئاڵۆزەکانی دەرونەوە هەیە، مرۆڤێک لەبەر پارە کەسێک دەکوژێت، تاوانی دزی و کوشتن دەکات، چی وا لەو مرۆڤە دەکات ئەوەندە تەماعکار بێت لەپێناو پارەدا مرۆڤەکان بکوژێت؟ بێگومان خودی تەماعکاری نەخۆشییەو پەیوەندی بە گرێی دەرونییەوە هەیە، مرۆڤ بە درۆزنی لەدایک نابێت، گرێی دەرونیش بەخۆڕایی دروست نابێت، ژینگە و دەوروبەر و پەروەردە رۆڵی سەرەکی دەبینن لە گەورەیی و بچووکی ئەو گرێییانەی کە ڕۆژانە لە ناخی مرۆڤەکان دا دروست دەبن، درۆ کردن ، دزیکردن، بوختان هەلبەستن ئەمانە هەموویان لە دەروونناسی دا دەچنە ناو چوارچێوەیەکەوە پێیان دەوترێت (میکانیزمەکانی بەرگری)، هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن بۆ بەرگری کردن لە دەرونی خۆیان دەیکەن لە هەڕەشەکانی دەوروبەریان. دەشێت زۆربەی کاتیش ئەو هەڕەشانە وەهمی و دەرونی خۆی بن و ڕاستەقینە نەبن. خۆنەناسی و ناشارەزایی دەرونی وادەکات مرۆڤ ڕوبەروی کێشە و گرفتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سادەی ڕۆژانە ببێتەوە و نەتوانێت چارەسەری بکات و ئاڵۆزتری دەکاتەوە. زۆر لە تاوانەکان هۆکاری زۆر سادە پاڵنەریان بوون، بەڵام بەهۆی نازانییەوە ئەو کێشانە ئاڵوز کراونەتەوە و تاوانیان لێکەوتۆتەوە. جاری وا هەبووە کوشتنی پیاوێک بۆ ژنەکەی کێشەیەکی زۆر سادەی ڕۆژانەبووە، لێکتێنەگەیەشتنێک دەتوانێت تاوانێکی لێبکەوێتەوە.مخابن ژینگەو پەروەردەو سیستەمی گشتی کۆمەڵگە توندو تیژەکان زۆر جار ئەو مرۆڤانە گیرۆدەی توندو تیژی و تاوان دەکەن.

هۆکاری سەرەکی تاوان بەهۆی نەبوون یان کەمی خۆشەوتستییەوە ڕودەدات. مرۆڤە توندو تیژەکان ئەوانەن هەستی دانوستاندنی خۆشەویستیان بەر زەبری گەورە کەوتووە. خۆشەویستی ڕوناکییەکە وەکو لایت ڕێگای مرۆڤ بەرەو ناخی خۆییو خۆناسینی پێشان دەدات کە ئەو ڕوناکییە نەبوو مرۆڤ گومڕا دەبێت و خۆی لێون دەبێت کە خۆشی لێ ون بوو خواشی لێ ون دەبێت، خود و خوا پەیوەندییەکی توندۆتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، کە خۆت ناسی خوا دەناسیت و کە خۆشت نەناسی خواش ناناسیت، کە خواشت نەناسی هەموو کارێکی ناڕەوا دەکەیت، خوا لەناو روحی مرۆڤ دایە و خودی ویژدان تۆوی خوایە لاناو مرۆڤ دا. کە ویژدانت لێ ون ببێت دەشێت هەموو تاوانێک ئەنجام بدەیت، دەشێت وتار و کرداری ناڕەوا ببنە پیشەت. مرۆڤ بۆئەوە دروست نەبووە تاوان بکات و رق بڵاو بکاتەوە، بەڵکە بۆ ئەوە هاتووە تا بە خۆشەویستی گەردون جوان بکاتەوە و روناکی دەرون پەخش بکاتەوە، بەکام زۆربەی کات چەند کەسێکی گومڕا دەتوانن بە ملیۆنان خەڵک بکەنە تاوانبار و گوناحکار.

زۆر جار ڕودەدات ژنانیش تاوان بکەن و حوکم بدرێن، هۆکارە گشتییەکان چین وا لە ژنان دەکەن تاوان بکەن؟

ژنانی تاوانبار بەتایبەت لە کۆمەڵگا نەریتییە پیاوسالاریەکان دا لە زۆربەی کات دا قوربانین و ئەگەر لە چیرۆکی هەریەکێک لەو تاوانبارانە بکۆڵیتەوە و شیبکەیتەوە دەبینیت هەریەکێک لەوان لە سەرەتاوە لەلایەن پیاوێکی ستەمکارەوە گیرۆدە کراوە. ئەگەر گوێ لە چیرۆکی لەشفرۆشێک بگریت بە رونی بۆت دەردەکەوێت



کە چۆن هەر لە منداڵییەوە وەک کۆیلە ڕەفتاری لەگەڵ دا کراوە. پەروەردەی هەڵەی خێزان و ستەم و توندوتیژی ناو ماڵ و لێدانی براو باوک و نێرینەکانی بنەماڵە زۆر جار هۆکارن لەوەی کچێک لەماڵ ڕابکات و لەسەر شەقامیش تووشی پیاوانی لەوان ستەمکارتر دەبێتەوە و وەک گورگیبرسی تێی بەردەبن. ئەگەر پەردە لەسەر روی ستەمکاری پیاوانی خێزان هەڵبدەیتەوە کە ئافرەتەکانیان پاڵپێوەناوە بەرەو بەدڕەفتاری و پیاوانی تریش بەرەو تاوان ڕایانکێشاوە، بەدەر لە هەموو ئەوانەش کاریگەری کلتوری نێر سالاری و ئەو توندوتیژیەی کە بەرهەمی دەهێنێت هەموو ئەو مرۆڤانە دەگرێتەوە کە پەروەردەی ئەو کلتورەن بە پیاو وژنەوە، بەڵام مرۆڤی وشیار بە پیاو و ژنەوە سوود لە توانای عەقڵی خۆی وەردەگرێت و خۆی لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو کلتورە دەپارێزێت.

لە وڵاتی ئێمەدا توندوتیژی لە زمان دا ، لە کلتوردا لە پەروەردە دا و لە هەموو دیاردەکانی ژیان دا هەیە، بۆیە پێویستە دام و دەزگامان هەبێت بۆ وردکردنەوەی تاوان و لێکۆڵینەوە لە وردەکارییەکانی هەر تاوانێک. تاوان لە وڵاتی ئێمەدا تەنها تاوانی کۆمەڵایەتی و چەقبەستوویی داب و نەریتە کۆنەکانمان نییە، تاوانی سیاسی و تاوانی ئابوری و تاوانی کلتوریش ڕودەدات.


کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org



# ئەرێ ژن بوون تاوانە؟!

ئامادە کردنی:مینا سوڵتانزادە

لە رابردووی عەرەبستان دا کچیان زیندەبەگۆڕ دەکرد تەنیا لەبەر ئەوەی کچن و بە هۆی بیری کۆن و دواکەوتوویی کە کچ دەبێتە هۆی بێ ئابڕوویی و سووک کردنی بنەماڵە لە کۆمەڵگەدا و ناتوانن لە نێو خێڵ و عەشیرەکانیان دا سەریان بەرز رابگرن، بەڵام کاتێک کوڕیان دەبوو دەیانکردە شایی و خۆشی، بێ ئەوە بیر لەوە بکەنەوە، ئەو دایکەی ئەو کوڕ و کچەی هێناوەتە سەر دنیا خۆی کچۆڵەیەک بووە کە توانیویەتی لە دەست کردەوەی بێ بەزییانە و ناماقووڵانەی زیندەبەگۆڕ رزگاری بێ و ببێتە دایک. هەڵاواردنی نێوان ژن و پیاو: خودا ژن و پیاوی وەک یەک خەلق کردوەو هەردووکیانی وەک مرۆڤ هێناوەتە سەر دنیا. تەنیا لەباری رەگەزییەوە جیاوازن نەک لەباری حەق و حقووق و ژیانەوە. ئەگەر پیاو لە باری جەستەییەوە بە هێزە ژنیش هێندێک کاری لە توانا دا هەیە کە پیاو ناتوانێ ئەنجامی بدا نموونەی سەرەکی توانای دایکایەتی یەکێکە لەو کارانە. لە نێو ژن و پیاودا مامۆستا شاعیر، دوکتور، داهێنەرو... هەیە و هەر وەک پیاوی سەرکەوتوو هەیە ژنی سەرکەوتووش هەیە، بە سەدان نموونەش دەبینرێ، بۆیە ژن و پیاو یەکسانن و ژن هیچی لە پیاو کەمتر نییە پیاوان دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە بەراستی چییان لە ژنان زیاترەو کێ ئەو حەقەی پێداون کە وا بیر بکەنەوە. لە شەقام و شوێنە گشتییەکان پێکەنین بە دەنگی بەرز بۆ پیاوان عەیب نیە و نیشانەی شادی و خۆشحاڵی ئەوانە بەڵام پێکەنینێکی ئاسایی بۆ ژنان دەبێتە هۆی عەیبە و بە خراپ چاو لێکردنیان و بێ ئەدەبی ئەوان. ئەرێ بە راستی ئەوە بێ عەداڵەتی نیە؟ ئەگەر پیاوێک بە جلێکی خاوێن و موی سەرێکی رێک و پێک دەرکەوێ نیشانەی پاک و خاوێنی ئەوە، بەڵام هەر ژنی ئەو پیاوە بە خاوێنی بگەڕێ تاوانی کردوە و دەبێتە هۆی ئینحراف بۆ کۆمەڵگە و بەرەڵڵایەتی. ئەگەر کچەکەت کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەی هەبێ تۆ بۆ چارەسەری کێشەکەی سەردانی دادگات کردوەو لەوێ دەڵێی زاواکەم ئیزنی کچەکەم نادا سەردانی ئێمە بکا، کاری دەرێ بکا، بچێتە میوانی، بۆخۆی پێداویستیەکانی خۆی دابین بکا، جەنابی قازی دەڵێ دەی جا ئەوە حەقی ئەو پیاوەیەو دەبێ ژن گوێ رایەڵی مێردەکەی بێ و لێرەدایە کە دەڵێین ئەوە چ یاسایەکە!! بەڵێ ئەوە یاسایە و ئێمە قبوڵمان کردوە و ئێستا کە بە قازانجی ئێمە نیە دژایەتی لەگەڵ دەکەین. کاتێک کچ مێرد دەکا بۆ قایم راگرتنی بنەمای ژیان و داهاتووی، داوای مارەییەکی زۆر قورس دەکەین و بە جێی ئەو مارەییە داوای ئەوە ناکەن ئەگەر سبەی کچە کێشەی هەبوو بتوانێ داوای تەڵاق و جیابوونەوە بکا چونکە پێمان وایە عەیبەو دەبێتە هۆی ئابڕووچوون و سووک کردنی بنەماڵە. بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە ئەو کچە لە ژێر فشاری روحی دایەو بۆ رزگاربوونی مارەییەکەی دەبەخشێ و تەنانەت ئەو کاتەش بە هەزار پاڕانەوەو لاڵانەوە رزگاری دەبێ. ئەو هەڵاواردنانەی لە نێوان ژن و پیاو دا هەیە: ژیانی هاوبەش: کچان ژیانی هاوبەش پێک دێنن کە لە ئارامی و ئاسایش دا ژیان بە سەر بەرن بەڵام بەداخەوە جاری وایە ئەو ژیانە بۆیان دەبێتە دۆزەخێک و ناچارن هەتا هەتایە بەو ژیانەوە بسوتێن و بسازێن. یەکەم هەنگاو بۆ ژیانی هاوبەشی کچێک ئیزنی باوکیەتی و زۆربەیان ئەوە وەک رێزێک بۆ باوک دادەنێن بەڵام ئەوە ئیجبارێکە لەسەر کچان، دەنا بۆ کوڕان ناچار نین ئەو رێزە لەبەر چاو بگرن، ئەدی ئەو رێزە بۆ بۆ دایک دانانرێ و لەو نێوەدا دایک هیچ جێگەیەکی نیە، تەنانەت یاسا ئەو ئیزنەی بە باوک داوە کچێکی ١٣ ساڵە لە پیاوێکی ٧٠ ساڵە مارە بکاو ژیان و داهاتووی لە نێو بەرێ. ژنی ئێرانی بە بێ ئیزنی ئەنجومەنی وڵات ناتوانێ لەگەڵ پیاوێکی خاریجی ژیانی هاوبەش پێک بێنێ، بەڵام پیاوەکە پێویستی بەو ئیزنە نیە. حەقی تەڵاق: بە پێی یاسا تەڵاق حەقی بێ ئەم لاو ئەولای پیاوانەو تەنیا پیاو دەتوانێ هەر کاتێک بیهەوێ ژنەکەی تەڵاق بداو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تەنیا کاتێک ئەو داوایە لەلایەن ژنەکەوە ڕەوایە
کە مێردەکەی نەفەقەی پێ نەدا، ماددەی هۆشبەر
بە کار بێنێ، لە ژنەکەی بدا، زیندانی بێ و
یان کێشەی دەروونی هەبێ. حەقی ویلایەت و
سەرپەرستی منداڵ: بە پێی یاسای مەدەنی ئێران
دایک هیچ کات ناتوانێ سەرپەرستی منداڵەکەی
وەستۆ بگرێ تەنانەت ئەگەر باوک و باپیریشی
نەبێ، تەنیا دەتوانێ وەک خزمێکی ئەو منداڵە بێ.
کاتێک منداڵ پێویستی بە نەشتەرگەری دەبێ ئەوە
باوکە دەبێ ئیزنی ئەو نەشتەرگەرییە بداو دایک
هیچ دەسەڵاتێکی نیە. یاسای چەند هاوسەری:
یەکێکی دیکە لەو نابەرابەریانە چەند هاوسەری
پیاوانە بە شێوەیەک کە پیاو دەتوانێ تا ٤ ژنی
مارەکراوی هەبێ و هەرچەندی سیغە بکا دەتوانێ.
زۆربەی ژنان پێیان وایە کە هاوسەرەکانیان
ئەو کارانە ناکەن بەڵام ئەگەر سەر لە دادگاکانی
بنەماڵە بدەین دەیان بینین ئەو پیاوە باشانە چۆن
کەڵک لە حەقە ناعادڵانەیە وەردەگرن. تەمەنی
بەرپرسایەتی تاوان: تەمەنی بەرپرسایەتی تاوان
بۆ کچان ٩ ساڵی قەمەرییە و بۆ کوڕان ١٥ ساڵ. بە
شێوەیەک ئەگەر کچێکی ٩ ساڵ تاوانێک بکا یاسا
وەک مرۆڤێکی گەورە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکا.
هەموو سزایەکی بۆ لەبەر چاو دەگرێ تەنانەت لە
سێدارەدان، تەنیا جیاوازییەک کە هەیە ئەوەیە
ئەو منداڵە لە شوێنێکی دیکە ڕادەگرن تا تەمەنی
١٨ ساڵ و حوکمەکەی بەڕێوە دەبەن. دەبێ ئەو
پرسیارە لەو یاسا دانەرانە بکرێ، ئایا ئەو منداڵە
کە تەنیا ٩ ساڵی تەمەنە ئەوەندە تێگەیشتنی هەیە
لە بە

هەیە لە بەرانبەر ئەو تاوانە گیان و ژیانی
لێ بستێنرێ. دیە: دیە ئەو بڕە پووڵەیە لەلایەن
بکوژەوە یان تاوانبارەوە دەدرێ بە کەسی زیان
دیتو، بە پێی یاسای ئێرانی گیانی ژن نیوەی
گیانی پیاو لەبەرچاو دەگیرێ بۆ نموونە ئەگەر
خوشک و برایەک لە شەقام توشی ڕووداوێکی
هاتوچۆ بن و هەردووکیان لاقیان بشکێ ئەو
پووڵەی وەک خەسارەت دەدرێتەوە بە کوڕەکە
نیوەی ئەو دەدرێتەوە بە کچەکە. ئەوە لە دابەش
کردنی میرات و شاهیدی دان دا هەر دوو ژن وەک
پیاوێک دادەنێن. هەڵاواردن و جیاوازییەکان
زۆر لەوانە زیاترن. ژنان وەک مرۆڤێکی تەواو
سەربەخۆ لەبەرچاو نەگیراون، ژن ناتوانێ ببێتە
سەرکۆمار. حیجابی زۆرە ملی و زۆر یاسای دیکە
کە بە دژی ژنان بە کاری دەهێنن.


کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org



# ژنان هەوێنی دوو خۆپێشاندانی ساڵی رابردوی رۆژهەڵات

نووسین: تاهیر قاسمی

دوو شاری مەهاباد و بۆکان، لە دوو کاتی جیاواز و دوو هۆکاری جیاوازدا، دوو خۆپێشاندان و نارەزایەتیی بەرینیان بە خۆوە دیت. ژنانی کورد هەوێنی سەرەکیی هەردووی ئەو خۆپێشاندان و نارەزایەتیانە بوون.

رۆژی ١٣ی بانەمەری ١٣٩٤ی هەتاوی، کچە کرێکارێکی کورد لە هوتێلێکی شاری مەهاباد، دوای ئەوەی کەوتە بەر گوشاری کاربەدەستێکی دەزگا ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆ رزگار بوون لە دەستدرێژی، لە نهۆمی چواری هوتێلەکەوە خۆی فرێ دا و گیانی لە دەست دا. ئەم رووداوە نارەزایەتیی بەرینی خەڵکی کوردستان بە تایبەت لە شاری مەهابادی لێ کەوتەوە. خۆپێشاندان و نارەزایەتیەک کە بە «سەرهەڵدانی هوتێل تارا» ناوبانگی دەرکرد. رۆژی ١٦ی بانەمەر هەزاران کەس لە لاوان و چین و توێژەکانی دیکەی شار بۆ دەربرینی نارەزایەتی لە بەردەم هوتێلەکە کۆبوونەوەو دەستیان دایە نارەزایەتی. هێزە ئەمنیەتیەکان زۆر زوو بەرەنگاری خۆپێشاندەران بوونەوەو هەڵیانکوتایە سەر خۆپێشاندەران. لە ئاکامی بەرەنگاریی خەڵک دژ بە هێزە ئەمنیەتیەکاندا، هوتێلەکە ئاگر درا. چەکدارانی رێژیم تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی نارازی بریندار بوو. خۆپێشاندان و نارەزایەتی بۆ شارەکانی دیکەی کوردستانیش پەلی هاویشت و بە تایبەتی ژنان لە شاری سەردەشت پێشەنگی ئەو خۆپێشاندان و نارەزایەتیانە بوون. بە دەیان کەس لە خەڵکی خۆپێشاندەر لە هەردوو شاری مەهاباد و سەردەشت گیران و دەستبەسەر کران. ئاکام تەللاج، خوێندکارێکی بەشدار لەو خۆپێشاندانە بوو کە بە هۆی قورسی برینەکانی گیانی لە دەست دا. ئەم خۆپێشاندانانە لە جیهاندا دەنگی دایەوەو دەسەڵاتی تارانی لەرزاند.

خۆپێشاندانی دووهەم رۆژی پێنج شەممە ٢٥ی پووشپەری ١٣٩٤ی هەتاوی لە شاری بۆکان هاتە ئاراوە. دوای ئەوەی رۆژی ٢٣ی پووشپەر، کەسانی سەر بە ناوەندە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە بۆکان، لە کردەوەیەکی قێزەون و نامرۆڤانە دا، تێزاب و ئەسیدیان بە سەر ٤ کەس لە ژنانی ئەم شارە دا پرژاند. چالاکانی شار بۆ پێشگرتن لە دووپاتبوونەوەو لەقاودانی ئەم کردەوە دزێوە، هەر زوو رایانگەیاند کە بێدەنگ نابن. ئەگەرچی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەرەشە، شانۆسازی، بڵاوکردنەوەی درۆ و بڵاوەکردنی هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکان بە ناو شار دا، هەوڵیان دا خەڵک لە دەربرینی هەر جۆرە نارەزایەتیەک دڵسارد بکەنەوە و بترسێنن، بەڵام وەک پێشتر راگەیەندرابوو، ئێوارەی رۆژی ٢٥ی پووشپەر، ژنانی نارازی و پیاوانی یەکسانیخواز و دژ بە زەبروزەنگ، لە بلواری کوردستان، ئەو جێیەی کە پێشتر کردەوەی قێزەونی ئەسید پرژاندنی لێ ئەنجام درابوو، کۆبوونەوە و بە هەڵگرتنی پلاکارد و دانی دروشمی «نا بۆ توند و تیژی دژ بە ژنان»، نەفرەت و بێزاریی خۆیان لەو کارە نامرۆڤانەیە دەربری.

ئەم دوو بەرخودان و خۆپێشاندانەی ساڵی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە تێیایاندا ژنان هەوێن و هاندەری سەرەکی بوون، لە چەند روانگەوە جێگای سەرنجن:

١– لە هەردوویاندا ژنانی کورد قوربانیی زەبروزەنگی مۆرەکانی دەزگا ئیتلاعاتی و ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی بوون.

٢– لە هەردوو تاواندا لێپرسینەوەیەکی ئەوتۆ لە تاوانباران نەکرا. یان هیچ دادگاییەکیان بۆ پێکنەهات یان لە دادگای فەرمایشیدا «تەبرەئە» کران و بێ تاوان ناسێندران.

٣– دوو رووداو و دەرەنجامەکانی ئاستی دژایەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژنانی زیاتر دەرخست. ئەم دژایەتی و سەرکوتە بە تایبەت لە سەر زۆرینەی ژنانی کورد بە سێ هۆکاری ژن بوون،





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد بوون و بوونی مەزهەبێکی جیاواز لە مەزهەبی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی، چەند قات زیاترە.
٤– لە هەردوو تاواندا، ژنانی قوربانی لە حاند تاوانی مۆرە و دەزگا ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی سەریان دانەخست و بێدەنگ نەبوون. لە یەکەمیاندا فەریناز بە مەرگی خۆی کۆمەڵگای جوڵاند و لە دووهەمیاندا ژنانی ئەسید پێداکراو دەنگیان هەڵبڕی و دەنگی خۆیان بە کۆمەڵگای کوردستان و بە ناوەندە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ گەیاند.
٥– لە هەردوو خۆپێشاندان و سەرهەڵدانادا، ژنان ئەگەرچی بە ڕادەی کەمتر لە پیاوان بەڵام حزووری چالاکانە و ئەکتیڤیان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و بەشداری لە خۆپێشاندانەکاندا هەبوو.
٦– هەردوو ڕووداو دەرخەری ئاستی پێگەیشتوویی ژنان و، بوون و حزووری چالاکانەیان لە گۆڕەپانی خەبات و لە ناو ڕووداوەکانی کۆمەڵگای کوردستان دابوو.
٧– بەشداریی هەراوی پیاوان لە هەر دوو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی دا دەریانخست کە ڕێژەی پیاوانی یەکسانیخواز و لاگری مافی وەکیەکی ژن و پیاو لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا، زۆر زیاتر لەوەیە کە بیری لێ دەکرایەوە.
٨– دوو خۆپێشاندان و سەرهەڵدانی ساڵی رابردووی بۆکان پێمانی سەلماند کە ئیدی ژنان بوون بە فاکتەرێکی گرینگ لە ڕێکخستن و جوڵاندنی کۆمەڵگا و دەخوازێ بزووتنەوەی سیاسی – مەدەنیی کوردستان حیسابێکی تایبەتی و جیاواز لە رابردو بۆ ژنان و ڕۆڵ و پێگەی ئەوان لە بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستاندا بکاتەوە.

## یاسای تاوانی سیاسی، دەمامکی دیموکراسی بەسەری دیکتاتۆردا



ئامادە کردنی:عیسمەت نستانی

یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی هەر سیستەمێکی دیکتاتۆر قۆرغ کردنی کۆی ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگایە لە سیاسەت و ئابووری و کولتورو ... بۆ ئەوەی هەموو ئەو جومگانە بکەونە خزمەت ئیدئۆلۆژی زاڵی دەسەڵاتدار. لەم چەشنە سیستەمانەدا دەستەی دەسەڵاتدار و دەستوپەیوەندیەکانیان چەمک و بایەخە مۆدیرنەکان بە شێوەیەک پێناسە دەکەن کە بگونجێ لەگەڵ شێوازی حوکمڕانیی ئارایی و بەتوندی لەبەرامبەر هەر خوێندنەوەیەکی پێچەوانە لەو چەمکانە دەوەستنەوە. لێرەدا بەرژەوەندی حوکمڕان بەرادەیەک گەورە دەبێتەوە کە لە پێناو پاراستنیدا هەموو شێوازەکانی سەرکوت و توندوتیژی دژی نەیارانی دەگرێتەبەر.
کۆماری ئیسلامی وەک سیستەمێکی دیکتاتۆر هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە بە باشی کەڵکی لەم میتۆدە وەرگرتوە و بە دروست کردنی کەشێکی ئەمنیەتی و بە پیرۆزکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئیسلامی و ڕێبەرانی ئەو شۆڕشە هەوڵی داوە بازنەی چالاکیی سیاسی بەرادەیەک بەرتەسک بکاتەوە کە تەنیا نوخبەیەکی جێی متمانەی خۆی جێگای ببێتەوە. ئەو بیرکردنەوەیە، دامەزراندنی دادگاکانی شۆڕش و ئیعدام و بەندکرانی جیابیران و سەرکوتی خوێناوی نەتەوە نافارسەکانی لێکەوتەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە.
یەکێک لەو چەمکانەی کە لە ژێر سێبەری ئەو ئیدۆلۆژیەدا تا ئێستاش پێناسە نەکراوە چەمکی تاوانی سیاسییە. دەتوانین بڵێین لە گرینگترین پێوەرەکانی دێمۆکراسی لە هەر ڕژێمێکی سیاسیدا شێوازی مامەڵە کردنە لەگەڵ چالاکانی سیاسی و جیابیران. بە شێوەیەک کە لە ڕژێمە دێمۆکراتیکەکان دا وەک دەرفەت چاو لەو توێژە و بەرهەمە فکری و کرداریەکانیان دەکرێ و لە ڕژێمە دیکتاتۆڕەکانیشدا بە پێچەوانە وەک مەترسی لێیان دەڕواندرێ.
لەم دواییانەدا یاسایەک لە پەرلەمانی ئێران لە ژێر ناوی یاسای تاوانی سیاسی دەرچوو کە بەشێک لەو کردارانەی ژماردووە کە بە تاوانی سیاسی لەقەڵەم داون. بەڵام ئەو یاسایە خۆی لە هەر چەشنە پێناسەیەک بۆ چەمکی تاوانی سیاسی بواردووە و بە ڕیزکردنی چەند مادەو بڕگەی ناروون و چەواشەکردنی هەموو جۆرەکانی چالاکی سیاسی نە تەنیا نەیتوانیوە یان نەیویستوە فەزایەکی ئارام و کراوەتر بۆ چالاکی سیاسی بڕەخسێنێ بەڵکو بەهەمان بیرکردنەوەی ساڵانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش، هەر


www.rabari.org



چەشنە چالاکیەکی سیاسی خستۆتە ناو چوارچێوەی تاوانی سیاسی. بەدەربڕینێکی دیکە لە یاساکەدا هیچ جیاوازیەک لە نێوان چالاکی سیاسی و تاوانباری سیاسی دا نەکراوە. لە راستیدا لە روانگەی ئەو یاسایەوە تەنیا ئەو کەسانە تاوانباری سیاسی نین کە چالاکی سیاسی نین.

"یاسامەند کردنی تاوانی سیاسی" و "حوکمڕانیی دیکتاتۆر" لە پەیوەندییەکی پارادۆکسیکاڵ و دژبەیەک دان کە هەرگیز ناتوانن لە ژینگەیەک دا بەیەکەوە کۆبکرێنەوە. بەڵکوو ئەوە تەنیا هەوڵێکە بۆ مەشروعیەت دان بە دەستەی دەسەلاتدار تا لە ژێر سێبەری بەها دیمۆکراتیکەکاندا روخسارێکی رازاوە لە خۆی بە دنیای دەرەوە پێشان بداو بەو شێوەیە تەمەنی دەسەڵاتداریتی خۆی پێ درێژ بکاتەوەو رووی راستەقینەی خۆی لە رێکخراو و دامەزراوە مرۆڤ دست و هەروەها دیمۆکراسیخوازە نێودەوڵەتییەکان بدزێتەوە. لە کاتێکدا لەسەردەمی ئیستا دا هیچ سیستەمێکی سیاسی ناتوانێ خۆی لە گشتگیربوون و جیهانی بوونی دیموکراسی بدزێتەوە و هەر بۆیە هەوڵ دەدا گشت سیاسەتەکانی بە دەمامکی دیموکراسی دابپۆشێ. واتە لە زۆربەی نموونە دیکتاتۆرییەکاندا، دیکتاتۆری لە شێوەی مامەڵە و جێبەجێ کردنی یاسادا خۆی دەبینێتەوە نەک لە خودی یاسادا. بە دەربڕینێکی زۆر جار یاسای دێمۆکراتیک و عادڵانە بوونی هەیە بەڵام کەلێنەکە لە جێبەجێ نەکردن یان خراپ جێبەجێ کردنی یاساکان دایە، ئەوەش بە هۆی بوونی ئۆرگانگەلی سەروو یاسا و دەسەڵاتی یاسادانان، کە لە راستیدا یاساکان لە ژێر چاوەدێری و بە رەزامەندی خۆی دەردەچن .

پەسند کردنی یاسای تاوانی سیاسی لە ئێرانیشدا هەوڵێکە بۆ داپۆشینی سیمای دیکتاتۆڕی بە دەمامکی دیمۆکراسی. هەر چۆنێک بێ بوونی یاسایەکی لەم چەشنە دەتوانێ بەستێنێک برەخسێنی کە لە داهاتوودا هەر چەند خودی یاساکە پڕە لە کەموکووڕی کە بە کورتی ئاماژە بە بەشێک لە دەقی یاساکە دەکەم:

لە ماددەی یەکەمدا باس لەوە کراوە کە گشت ئەو تاوانانەی لە ماددە و بڕگەکانی ئەو یاسایەدا ئاماژەیان پێکراوە ئەگەر هاتوو بە مەبەستی چاکسازی لە کاروباری وڵات و دام و دەزگا و ئۆرگانەکانی سەر بە دەسەڵات ئەنجام دران بەو مەرجەی نەبنە هۆی زەبر لێدان لە بنەماکانی رژێمی کۆماری ئیسلامی، بە تاوانی سیاسی دەژمێردرێن. لێرەدا بە ئاشکرا رێگا لە هەر چەشنە خوێندنەوەیەکی جیاواز لە دەسەڵاتدار بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی وڵات گیراوە کە لە راستیدا ئەلفوبێی کاری سیاسی ئەو خوێندنەوە جیاوازانەیە لە هەر وڵاتێکی دیمۆکراتیکی سەردەم دا. دانانی وشەی تاوان لە پەنای هەوڵدان بۆ چاکسازی خاڵی هەرە کۆمیک و پێکەنیناوی و لە هەمان کاتدا تراژیکی ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




یاسایەیە.

لە ماددەی ٢ لەو یاسایەدا هاتووە کە درۆ هەڵبەستن یان بێ حورمەتی کردن بە سەرۆکی سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێ کردن و دادوەری و هەروەها جێگرانی سەرۆک کۆمار، وەزیرەکان، نوێنەرانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی، نوێنەرانی ئەنجومەنی شارەزایان (خبرگان) و ئەندامانی ئەنجومەنی چاودێری (شورای نگهبان) بە تاوان دادەنرێن.

بە وردبوونەوەیەک لەو دەقە یاساییە و هەروەها بەو ئەزموونەی لە بڕیارە دادوەرییەکان دا دەرچووە سەبارەت بە چالاکانی سیاسی و مەدەنی بۆمان دەردەکەوێ کە دوو وشەی "افترا" و "توهین" تەفسیر هەڵگرن و لە ئەدەبیاتی قەزایی کۆماری ئیسلامی دا مانایەکی بەرفراوان لەخۆ دەگرن و بەو شێوەیە هەر چەشنە رەخنەیەک لە کاری ئەو ئۆرگان و کەسایەتییانە دەچێتە چوارچێوەی تاوانەوە و بە کردەوە هیچ چەشنە رەخنەیەک رێپێدراو نییە.

لە یەکێکی دیکە لە بڕگە سەیر و سەمەرەکانی ئەو یاسایەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هاندانی خەڵک بۆ جیایی خوازی ... ناچێتە چوارچێوەی تاوانی سیاسی، بەڵکوو لە چوارچێوەی تاوانی جینایی دا خۆی دەبینێتەوەو سزاکەی گەلێک قورسترەو تاوانبار بێ بەشە لەو مافانەی کە بۆ تاوانباری سیاسی لەو یاسایەدا لەبەر چاو گیراون.

بە سەرنجدان بە پێکهاتەی فرە نەتەوەی ئێران و بوونی بزووتنەوە نەتەوەیی و مافخوازییەکان لە ناوچە پەراوێزییەکانی ئێراندا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە رووی ئەو بڕگەیە لەو خەباتگێڕانەیە کە لە رەوتی بەرگرییەکی رەوادا هەوڵی دەستەبەر کردنی مافە نەتەوەییەکانیان دەدەن. لەوانەیە ئەو بڕگەیە بۆ ئەو وڵاتانەی کە مافی هەموو تاکەکان بە هەموو جیاوازییەکانیان پارێزراوە رێی تێ بچێ، بەڵام لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە لە سەر بنەمای فاشیزمی فارس– شیعە بنیات نراوە و هەوڵی سڕینەوەی سەرجەم جیاوازییەکان دەدا و لە رێگەی جۆراوجۆری فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی و بگرە سەربازیش هەوڵی دەدا ئەوانی تر لە گۆڕەپانەکە دەربکا، بوونی بڕگەیەکی لەم چەشنە دەستی دادگا و دادوەرەکان بە تەواوی ئاوەڵا دەکا بۆ سزادانی تێکۆشەرانی مافخوازی گەلانی ژێردەست تا بە توندترین شێوە سزا بدرێن.

هەر چەند لە ماددەی ٦ دا کۆمەڵێک ماف بۆ تاوانباری سیاسی لەبەرچاو گیراوە – هەروەک ئاماژەمان پێدا دۆزینەوەی ئەو کەسانەی دەکەونە قالبی تاوانباری سیاسی کارێکی زۆر زەحمەتە – بەڵام بە کردەوە بەرپرسانی زیندانەکان خۆی لێ دەبوێرن بە شێوەی سەلیقەیی و بە دەمارگرژییەکی گرێدراو بە سیستەمی سیاسی لەگەڵ بەندکراوانی سیاسی مامەڵە دەکەن.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم یاسامەند کردنی هەر کردار و دیاردەیەک بە پێشکەوتنێکی سیاسی و دێمۆکراتیک دەژمێردرێ، بەڵام بەو مەرجەی لە لایەک بەدەر بێ لە ئامانجی ئیدئۆلۆژیک و پاوانخواز و لە لایەکی ترەوە ئیرادەی جێبەجێ کردنی یاساکە لە دەوڵەتدا بوونی هەبێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گوریس ڕاکێشانی نێوان باوان و نەوە



نووسینی: مامۆستا فازیل شەورۆ

ڕەنگ بێ ڕۆژانە لە ماڵی ئێوەشدا، ئەم جۆرە ڕستانە بێنە بەرگوێ:

باوک:" بەس بمزانیایە! ئەم کوڕە سەرسەختەی من، چۆتەوە سەر کێ!"

دایک:"تێیناگەم... دەبێ ئەم دۆتەی من وابزانێ کچی حەمەقەدۆیە یان حەماغای کۆیە؟!"

کوڕ و کچ:"لێیان گەڕێن، ئەوان ئێستاش وادەزانن حەمەرەزاشا هەرماوە!"

دەمێکە کۆمەڵناسان، سێ چین یان قۆناغیان بۆ تەمەنی مرۆڤ داناوە: قوناغی منداڵی و هەرزەکاری، قوناغی ناوەندی و قۆناغی پیری و خانەنشینی. لە ئاکامی لێکۆڵینەو و توێژینەوەی نەپساوەی دوورودرێژی زانایانی کۆمەڵناس و دەروونناس، گەیشتونەتە ئەم ئاکامە کە لە هەموو ڕۆژگار و سەردەمێکدا، لە نێو هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بە بێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازیی کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕۆشنبیری و ئابووری و فیکری، جۆرە گوریسڕاکێشان و کێشمەکێشییەکی نەبڕاوەی پڕ ژانەسەر، لەنیوان منداڵ و هەرزەکاران، لە لایەک و باوان و باپیران لەلایەکی تر هەیە.

واتا گروپەکانی گوریسڕاکیشانەکە بەم شێوەیە:

جا بە پێ سەردەم و پێگەی جوگرافی (کات و شوێن)، هوکار و خەسڵەت و ئامراز و چونییەتی ئەم ڕکابەرایەتییە (دیار و نادیارە) جیاوازی هەیە و بەردەوامیش لە گۆڕانکاری دایە، هەر بۆ نموونە، هۆکار و جۆری ڕکابەرایەتییەکانی نێوان ئەم دوو گروپە، لە وڵاتی ژاپۆن جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی لە کوردستاندا دەگوزەرێ، جا شێواز و ئاکامی ئەم بگرەوبەردەیە لە نێو خەڵکی شاری مەهابادیش جیاوازی هەیە لەگەڵ کوردە ڕۆژهەڵاتییە ئاوارەکانی کەمپەکانی کوردستانی باشوور. لە هەموو بارودۆخەکاندا، سیمای وێکچوونیان زۆر لەیەکدەچێ.

کەیرەکە لەوەدایە، زۆر لە دایک و باوکان وا هەستدەکەن، کەهات منداڵەکانیان خۆیان بناسن ئەوا سەرەتای ئەو ناجورییە لە نێوانیاندا ڕوودەدات. ڕاستییەکەی وانییە. چۆن؟ ئێوە نابینن کە دایک چەندە بەپەرۆشە بۆ گورپەڵەکەی و چەند دوعاونزا دەکات کە ساغ و سلامەت بێ، پێش ئەوەی بێتە دونیاوە، بەڵام ئەو ئاگاشی لێ نییە!. جا هەرکە چاوی پشکوتوو و دەستی جولاندەوە، یاخەی دەگرێ، لوتی هەڵدەپشێویی، مەمکی دەگەزێ، میزی پێدادەکات، دەست بۆ هەموو شتێ دەبات و هەمیشە حەزدەکا ئازادانە بجولێتەوەو کەس دەستی نەگرێ، کەس لەباوەشی نەکا، کەس حەقی بەسەرییەوە نەبێ..... . ئەو بونەوەرە نۆییە، حەزدەکات بۆخۆی دونیای دەورووپشتی بپشکنێتەوە و تێی بگات و بێوچانیش بەردەوام دەبێ لە ئەنجامدانی ئەم کارەی تا دەبێ بە بەشێک لە ڕەفتار و خویی ئەو.

زۆرباشە، کەواتە باپرسین: تۆ کێیت؟ منداڵەکەت کێیە؟

ئەگەر بەڕێزتان کەسێکی تەمەن (٣٥) ساڵ یان (٥٥) ساڵ بن ئەوە مانای وایا تۆ (٣٥)ساڵە یان (٥٥) ساڵە خەریکی کەشفکردن و تێڕامان و تێگەیشتنی لەم دونیا و ژیانە. بەواتایەکی تر: تۆ خاوەن ئەزموون و هزر و جیهانبینی (٣٥) یان (٥٥) ساڵی خۆتی.

ئەدی کوڕە یان کچە هەرزەکارەکەت کە تەمەنی (١٦) ساڵە! ئەو خاوەنی ئەزموون و هزر و جیهانبینی (١٦) ساڵی تەمەنیەتی. خاڵێکی زۆر بایەخدار هەیە لە نێوانتاندا، تۆی بەڕێز، دەرهاویشتەی ڕووداو و ڕۆژکار و سەردەمی (٣٥) یان (٥٥)ساڵ پێش ئێستای. ئێ باشە خۆ ژیانی ئەو سەردەمی تۆ، کتومت وەکو ژیانی (٢٠١٦) نە بووە.

ئێستا تۆ دەڵێ:" ئێ باشە، خۆ کەسی (١٦) ساڵی، لە هەموو شتێک تێدەگا، بۆ بەقسەم ناکات و سەرکێشە و هەمیشە یاخی خۆی نیشاندەدا؟

با باسی کومەڵگەی خۆمان بکەین و خۆمان بە خەڵکانی دیکەوە سەرقاڵ نەکەین. ئەو هوکارانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەربەستێکی سەختی و بڵند لە نێوان ئێوە و ئەوان دروستدەکەن زۆرن، هەر بۆ نموونە:

ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری: بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری ڕەنگ بێ دەرفەتی خوێندنی بۆ زۆربەی باوانی نەوی پێشوو نەڕەخساندبێ. کەواتا نەوی نوێ ئەوان بە بێسیوادو دواکەوتوو دادەنێن، ئەو کە لە زانکۆ دەگەڕێتەوە ماڵەوە، هەست بە بوونی دوو ژینگەی زۆر جیاواز دەکات ، ماڵەوە بە زیندان و تەمبەڵخانە و خانەی بەساڵاچووان تێدەگا.

تێهزرین و تێڕوانین لە دەوروبەر: باوانەکان پتر وابەستەی بیر و باوەڕ و لێکدانەوەی کۆنن، لە بازنەی تاریکی و قەدەر و بێ دەسەڵاتی مرۆڤـ و دەستوەستانی دەخولێنەوە، لە کاتێکدا نەوەی نوێ باوەڕی بە گۆڕانکاریی و شۆڕ ش وکوتەدا وياخی بوون هەیە.

کلتووری نیفاق پۆش: نەوی نوێ زۆربەی گوفتار و ڕەفتاری باوان و مامۆستا و مەلا و سەرکردە و ڕێبەر و خێرخواز و بانگخوازان بە نیفاق و درۆ دەزانن، چونکە قسەو کردارەکانی ئەوان بە دەگمەن یەکدەگرنەوە. مامۆستای جگەرکێش ئامۆژگاری ئەو دەکات دووركەوێتەوە لە جگەرە،سەرکردەکان وتاری دژە گەندەڵی دەخوێنەوە و خۆشیان تا ئەوک غەرقی گەندەڵێن. نەوی نوێ بە چاوێکی تر شتەکان دەبینێ.

ناجووری واقیعحاڵی ڕۆژگاری ئێستا: بە هەزاران پارت و ڕێکخرا و کۆمەڵە و دەستە و تاقم ، بە دەیان وڵاتی زلهێز، ئیدیعای ئاشتی و ئاسایش و خۆشیی و خۆشەویستیی دەکەن، کەچی لەواقیعدا، غەزەبی لافاوی خوێن و زریانی کاولکاریی و ڕنۆی ئاوارەیی و گەردەلوولی دەربەدەری وسەرگەردانی و هەژاریی هەرچوار ئیقلیمی دونیای گرتۆتەوە . نەوی نوێ وا هەست دەکات ئەم جیهانە، خەونی ئەو نییە.

شاڵاوی تەکنەلۆژیا و مەعریفەی سەردەم: ئەگەر جاران باوانەکان، بە پێنج ساڵ سەفەری شارێکیان کردبا، ئەوا ئێمڕۆ، بە سایەیی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و ئاسانکاریی هۆکاریی پەیوەندییەکان، کوڕە یان کچە (١٦) ساڵەکەی وان، لە یەک شەودا، بە بێ پرسی وان، سەردانی سوید و مەکسیک و بەنگلادیش و ژاپۆن و کرماشان و قامشیلی و ماڵی چەندان دۆست وبرادەر دەکا، لە ڕێ مۆبایل و ئینتەرنێتەوە. .ئەمەیش فەزای مەعریفی و جیهانبینی ئەوان فراوانتر و دەوڵەمەند تر دەکات، چونکە باوانەکانیان زۆربەیان لەم ئامراز و ئامێرە تازانە بەلەد نین و بێ بەشن.

فەلسەفە و ئاینی جیاواز: ڕاستە نەوی نوێ، وەکو دایک و باوکیان ئەوانیش موسڵمانن یان دیانن یان ئێزیدیین، بەڵام تێڕوانینی ئەوان لە لێکدانەوەی فەلسەفەکانی ئایین و ژیان، تا ڕادەیەک، جیاوازە. لە دەست قوتکردنی دز و پۆشینی چارشێو و نووشتەکردن و دژایەتیکردنی کەسانی کافر و دەست ماچکردنی شێخ و مەلا و سعاتکردنە دەستی ڕاستە و ............. چونیەتی هاوسەرگیریی و مامەڵەکردن و خۆ ژیاندن.

هۆکارەکان زۆرن، با ئەوەندە بەس بێت.

بەڵام نابێ غەدریش لە باوانەکان بکەین و بڵێین


کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org



سەروبەری گوفتار و ڕەفتارەکانیان دواکەوتووانەن و هی سەردەمی دەقنانووسێن! ئێمە گوتمان، پێش ئەوەی منداڵ لە دایک بێ، ئەوا دایکی خواخوایەتی ئەو، وەک کورپەڵە تەندرووست و باش و سەلامەت بێ.....جا کاتێک ئەم کۆرپەڵە دەبێتە هەرزەکارێکی (١٦) ساڵان، ئەوا، ئەو دایکە هەر خواخوایەتی ئەو، لە ژیانیدا، تەندرووست و باش و سەلامەت بێ. کەواتە لە دیدی ئەوانەوە، هەرچی دەیکەن و دەیڵێن، بۆ بەرژەوەندی و زامنکردنی ژیانێکی بێ سەرئێشەی پڕ لە خۆشگوزەرانییە بۆ نەوەکانیان، بەڵام بە بیر و زمانێکی جیاواز لە هی نەوەکان.

گوتمان لەوەتی مرۆڤـ وکۆمەڵگا هەیە، ئەو گوریسڕاکیشانە هەیە و هەر بەردەوامیش دەبێ، جا بۆئەوەی نە نەوێ نوێ باوان و باپیرەیان بە نەفام و خەڵفا دابنێن و نە باوان و باپیرەکانیش نەوی نوێ بە سەرەڕۆ و سەرشێت و یاخی بوو بزانن، ئەوا باشترین ڕێگە، ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان جیهانی نەوێ نوێ و جیهانی نەوەی کۆن. واتا، باشترە ، باوان و باپیرەکان هەوڵبدەن پتر خۆیان لە جیهانی ئەوان نزیک بکەنەوە و بە ئەقڵی سەردەم شتەکان لێکبدەنەوە ، بەبێ ئەوەی ڕۆحی کلتووری شتە پیرۆزەکان زامدار بکەین. لە هەمان کاتیشدا، وا چاکترە نەوی نوێ هەوڵبدات دەستی باوانەکانیان بگرن و دوور لە دژایەتی و ڕکەبەرایەتی، تێڕوانین و جیهانبینی خۆیانیان بۆ شیکەنەوە و بسەلمێنن. بە کوردی و کرمانجی دەبێ لە نێوان ئەم دوو زمانە جیاوازەی ئەو دوو چینە، زمانێکی هاوبەشی هاوسەنگی شیرین بدۆزرێتەوە، لێرەشدا، بارگرانییەکە پتر دەکەوێتە سەر شانی باوانەکان، چونکە ئەوان خاوەن ئەزموون و دەرس و عیبرەتی زۆرترن لە چاو نەوە هەرزەکارەکانیدا.

بەڕاستی حەزرەتی ئیمامی عەلی جوانی گوتووە:"منداڵەکانتان بۆ ڕۆژگارێک پەروەردە بکەن کە غەیری ڕۆژگاری خۆتان بێ." یان دەفەرمووی:"لەسەر عادەت و کلتووری خۆتان ڕقتان لە نەوەکانتان نەبێتەوە، ئەوان بۆ ڕۆژگار خولقاون کە وەک ڕۆژگاری ئێوە نییە."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەنگاو بە هەنگاو بۆ نەمانی توندوتیژی دژی ژنان



نووسین:سروە فەتاحی

هەنگاو بۆ نەمانی توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژی بە گشتی بە دژی مرۆڤ، و توندوتیژی بە تایبەتی بە دژی ژنان، هەموو کات و لە هەموو جێگای دنیا بوونی بووە و بەداخەوە ئێستاش هەر بەدی دەکرێ. بەڵام لەو سەردەمەی ئێمەدا، یانی سەردەمێک کە دیاردەیەک بە نێوی "مافی مرۆڤ" چەمکێکی پڕبایەخی هەیە یاساگەلی زۆر لە کۆمەڵگەکان بە پێی ئەو ئەسڵە داڕێژراوە و بەدواداچوون و لە قاودانی توندوتیژییەکان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێ.

شێوەی توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان و ڕێژەی ئەوان لە دنیادا جیاوازی هەیە و لە هەر کۆمەڵگەیەک بە شێوەیەک بەدی دەکرێ. بۆ نموونە لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەگەر دەنگ بەرزکردنەوە توندوتیژی بێ لە وڵاتانی جیهانی سێهەم ئەو شێوە لە توندوتیژی زۆر بە شتێکی ئاسایی دادەنرێ.

بە پێی ئەو ئامارانەی کە ڕۆژانە وەبەر چاومان دەکەون، دەردەکەوێ کە زیاترین ڕێژەی توندوتیژی لە وڵاتانێک ڕوو دەدا کە لە ژێر حکوومەتێکی ئایینی دان. یاساکانی ئەو وڵاتانە توندوتیژی دژی ژنان بە ئاسایی دەزانی و پاساوی تایبەتی بۆ دێنێتەوە و تەنانەت بە شێوەی بڕیارێکی ئایینی لە مێشکی پیاوان دا جێگای دەکاتەوە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئێران کە حکوومەتێکی ئیسلامییەویاساکانی ئەو وڵاتە بە پێی شەریعەتی ئیسلامییە.پیاوان بە پێی ئەو ئەسڵەی کە ئیسلام ڕێگەی پێداون بە دڵی خۆیان و هەر جۆرێک کە پێیان خۆش بێ توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکەن، پاساوەکەشیان ئەوەیە کە دەڵێن لە قورئان دا ئەو ئیجازەیە دراوە کە "لە ژنانی سەرپێچیکەر بدەن"هەروەها دەڵێن: "ژنان بە پێی سرووشتێک کە هەیانە حەز بە لێدان و ئەشکەنجە دەکەن!"، هەر بەو پێیە توندوتیژی دژی ژنان بە ئەمرێکی تەواو ئایینی و یاسایی دەزانن.

لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ڕەگەزی نێر لە سەرەتای فام کردنیان وا فێر دەکرێن و ئەو ئێزنەیان پێدەدرێ کە "غیرەت، شەرەف و پیاوەتی" لەوەدایە کە لە کچ یان ژنی "بزۆز و خولیای ئازادی خۆیان" بدەن و توندوتیژیان لەگەڵ بکەن، یان بە کوشتنی کچ و ژنێک کە تاوانێکی کردوە و داوێنی لکەدار بووە (بە پێی لێکدانەوەی ئەو پیاوانە) ناموس و شەڕەفی خۆیان پاراستوە و ئەو لەکەیەیان لە نێوچاوانیان کردۆتەوە. یاساش ئەو پیاوانە و ئەو بکوژانە نە تەنیا سزا نادا بەڵکوو وەک "بەرگریکەری نامووس" دەزانێ. چوونکە لە کۆمەڵگە ئایینیەکان سەرپێچی کردنی ژنان یان پێوەندی لە دەرەوەی هاوسەرگیری بە تاوانێکی گەورە دەزانرێ، هەر بۆیە لەو کۆمەڵگەیانەدا ئەگەر ئەو ژنانە لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە سزا نەدرێن لە لایەن حکومەتەوە س زا دەدرێن و زۆربەیان حوکمی سەنگسار کە حوکمێکی لەوپەڕی وەحشیگەری و بێبەزەییانەدایە بەسەریاندا دەسەپێ.

لە وەها بارودۆخێکدا هەرچی کۆمەڵگە پێشکەوتووتر بێ و هەرچی دەرکی کۆمەڵگە لە بەرابەری ژن و پیاو زیاتر بێ، مانا و چەمکی توندوتیژی پەرەی پێدەدرێ. یانی خەڵکی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بە هۆی ئاشنابوون بە ئەسڵی توندوتیژی، تەنانەت ئەگەر حەز بە توندوتیژیش بکەن ناتوانن چوونکە دەزانن کە لە ڕووی یاساییەوە توندوتیژی تەنیا لە کوشتن و لێدان دا نییە بەڵکوو لە دیسکۆڕس و هەڵسوکەوتیش دا دەتوانی بوونی هەبێ.

توندوتیژی لە گۆشەگەلێکی جیاوازەوە شیکراوەتەوە، بەڵام لە ڕوانینی ئەمرۆیی دا کە کۆمەڵناسان و دەروونناسان لە سەر توندوتیژی هەیانە ئەوەیە کە توندوتیژییەکان لە ڕوح و ڕەوانێکی زۆر ناسالمەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە ڕاستیدا، ئەگەرچی توندوتیژی هەموو کات لە تووڕە بوون و هەڵسووکەوتی توندەوە سەرچاوە دەگرێ بەڵام شەرت نییە هەمووکات هەر بە لێدان و ئەشکەنجە لە سەر جەستەی ژنان خۆ بنوێنێ، بەڵکوو دەتوانین ئیشارە بە زۆر توندوتیژی بکەین کە لە ڕووی جسمییەوە هیچ نیشانەیەکیان نییە



کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org



بەڵام کاریگەریان لە سەر رووح و رەوانی ژنان دەبێ و کاردانەوەی زۆر خراپتریشیان لە سەر ژنان دەبێ. خەسارە جەستەییەکان بەو پێیەی کە دەبینرێن و پێوانەیان بۆ دەکرێ زووتر دەرمان دەکرێ و چاک دەبێتەوە، بەڵام ئەو خەسارانەی کە لە سەر رەوانی ژنان کاریگەریان بووە جاری وایە ئەوندە قووڵە کە پێویستی بە دەرمانی زۆر و کاتی زۆر دەبێ.

یەکەم هەنگاو کە زۆربەی چالاکانی مافی ژنان و مافی مرۆڤ هەڵیدێننەوە هەوڵدان بۆ گۆڕینی یاساگەلێکە کە لەودا ئیمکانی توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژی بەتایبەتی بە دژی ژنان بوونی هەیە. ئەگەر یاسایەک دابرێژرێ کە توندوتیژی مەحکووم بکا و هیچ پاساوێک لەو پێوەندییەدا قەبووڵ نەکا ئەوە وەردە وردە لە کۆمەڵگەدا جێ دەکەوێ و بایەخی پێدەدرێ.

خاڵێکی گرینگی دیکە بەچۆکدا نەهاتن لە بەرانبەر توندوتیژی دایەکە هەر کەسێک دەتوانێ لە ژیانی خۆیەوە دەست پێبکات و یارمەتی کەسانی دیکە بکات. کەسی سەرکوتکەر دەبێ لەوە حاڵی بێ کە بەرانبەرەکەی مل بۆ سەرکوت و زوڵم نادا و چیدیکە چەوسانەوە بە دەستی پیاوان قەبووڵ ناکا.

خاڵێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە ژنانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ پاراستنی ئابرو و کەرامەتی خۆیان ئەو توندوتیژیانەی بەرانبەریان دەکرێ دەیشارنەوە و وایان پێسەلماوە کە ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەک "ژنێکی بەئابرو و بەناموس" و خۆراگر لە بەرانبەر کێشەکانی ژیاندا خۆیان دەربخەن. هەر ئەو شێوە بیرکردنەوەیەش وای کردوە ژنانی ئەو وڵاتانە زیاتر توندوتیژیان بەرانبەر بکرێ. هەر بۆیە تەسلیم نەبوون و لەقاودانی ئەو جورە کردەوانەی بەرانبەر بە ژنان دەکرێ دەتوانێ هەنگاوێکی باش بێ بۆ کەمبوونەوەی زوڵم و زۆر بەرانبەر بە ژنان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی ١

# خۆرافات و نەبوونی زانیاری لەم بارەوە

نووسین:نارین،الف

هەڵوێستەیەکی لە سەر بگرن و کەمێک باشتر بیری لێ بکەنەوە! دواجار کە قەلەڕەشەیەک بە سەر سەرتاندا فڕی، یان پشیلەیەکی ڕەش بە بەر پێتاندا تێ پەڕی، ئەوجار لەوە دڵنیا نەبوون کە دەبێ تا کۆتایی ئەم ڕۆژە چاوەڕوانی ڕووداوگەلێکی شووم و نەحس بن؟ یان کاتێک بەری دەستتان دەخورا دڵتان خۆش نەبوو کە بەم زووانە پارەیەکتان وە دەست دەکەوێ؟ یان کاتێک کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و لە قووڵایی دڵەوە پێکەنیون، لەوە نەترسان کە نەوەکوو بەڕاستی بەدوای هەموو پێکەنینێکدا گریانێک بێ، یان کاتێک کە تڵتەی چاتان لە نێو فینجانەکەتاندا بینی پێتان وا نەبوو بەم زووانە میوانتان بۆ دێ؟

ئەوانە هەموویان چەند نموونەیەکن لە بیرورا خۆرافییەکان کە ئێمە هەموو ڕۆژێ لەگەڵیان بەرەوروو دەبینەوە. لە ژیانی ئەم سەردەمەدا باوەڕە خۆرافییەکان بە جۆرێک ڕەگ و ڕیشەیان لە ژیانی خەڵک داکوتاوە کە وەلانانی ئەم بیرۆکە ناڕاستانە کارێکی زۆر ئاستەمە. ئەم بیرۆکانە جێگەیەکی ئەوەندە تایبەتیان پێ دراوە کە دوور کردنەوەیان لە ژیانی ڕۆژانەی ڕێژەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگا بۆتە شتێکی مەحاڵ.

شوێن پێی خۆرافات کەم یان زۆر لە ژیانی زۆربەی ئێمەدا دەبیندرێ، لێرەدایە کە بە هۆی نەبوونی زانیاریی پێویست، زیاتر مەجالی خۆ دەرخستن بە بیر و بۆچوونە خۆرافییەکان دەدرێ.

بەڵام بەڕاستی خۆرافات چییە و بۆچی خەڵک ڕووی تێ دەکەن؟

بەڕای پسپۆران و شارەزایانی بواری ڕەفتارناسی، خۆرافات جۆرە باوەڕ و بۆچوونێکە کە هیچ بنەمایەکی زانستی و مەنتقی نییە و بەپێی زانیارییە سەلمێندراوەکانی پێشوو نەهاتوونەتە ئاراوە، هەرچەند لەم بارودۆخەدا ناکرێ بۆچوونە زانستییە نەسەلمێندراوەکان یان بۆچوونی خەڵک لە بابەت مەسەلە جۆراوجۆرەکان بە خۆرافات دابنێین، چونکە زۆر جار خۆرافات لە ئەگەری هاتنەپێشی ڕووداوێکی تایبەت یان لە حاڵەتی پێشوازی کردن لە ڕووداوێکی چاوەڕوان کراو یان ئەم ڕووداوانەی کە پێشبینی نەکراون دێتە ئاراوە و هیچ لێکدانەوەیەکی عەقڵانی و مەنتقی بۆئەو مەسەلەیە ناکرێ.

لە ڕاستیدا ئەم بیر و باوەڕانە زیاتر حاڵەتی تابۆیان هەیە، بەم مانایە کە سەرەڕای ڕەد کرانەوەیان لە بواری زانستی و مەنتقییەوە، بەڵام کەم کەس هەیە ڕێگە بە خۆی بدا ئەم تابۆیە بشکێنێ و هەوڵ بدا ناراست بوونی ئەم ئیدیعایانە بسەلمێنێ.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە تەنانەت ئەم کەسانەش کە خۆیان بە خۆرافاتی نازانن هێندیک جار لە بابەت قبووڵ کردن یان ڕەد کردنەوەی ئەم باوەڕانە تووشی دوودڵی دەبن.

لە ڕاستیدا هەرچەند زۆربەی ئێمە لە بەرامبەر کۆمەڵە خۆرافاتێکدا، زۆر بە توندی هەڵوێست دەگرین و پیداگری لە سەر ناڕاست بوونیان دەکەین، بەڵام جۆرە ترس یان هەستێکی دەروونیی تایبەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە بەرامبەر هێندێک لە حاڵەتەکانی خۆرافاتدا بێ دەنگ بین، یان لانی کەم بە ڕواڵەتیش بێ وا نیشان بدەین کە ئەم حاڵەتانەمان قبووڵ کردووە، ئەگەرچی کۆمەڵێک لەم خۆرافاتانە لە ڕاستیدا لە کۆنەوە باب و باپیرانمان باوەڕیان پێی بووە و ئێستاش بوونەتە بەشێک لە کولتووری ژیانی ئەم سەردەمە و ئێمەش ڕەچاویان دەکەینەوە.

ئێستا با بزانین چ هۆکارگەلێک پەرە بە هۆگر بوونی خەڵکی کۆمەڵگا بە باوەڕە خۆرافییەکان دەدەن؟

لە ڕاستیدا خۆرافات نە ڕەد دەکرێتەوە و نە دەسلمێندرێ، بە درێژایی مێژوو خۆرافات لە نێو کۆمەڵگادا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و ناکرێ بە وردی کاتێکی دیاری کراو بۆ سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکە ناڕاستانە وەبەر چاو بگرن، چونکی لە هەموو دەورە و زەمانێکدا کە کۆمەڵە شتێکی لێڵ و ناڕوون لە هزری مرۆڤەکاند پەیدا بووە و وڵامێکی ڕوون و ئاشکرایان بۆ نەدۆزراوەتەوە، لە سایەی ئەم ناڕوونیانەدا خۆرافاتیش سەری هەڵداوە.

خۆرافاتیی بوون بۆ زەینی کونجکۆڵی مرۆڤ



کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕەبەری
www.rabari.org

دەگەڕێتەوە کە بەردەوام بە تەمای دۆزینەوەی وڵامی ئەم پرسیارانە و ڕوون کردنەوەی ڕاستییەکاندا بووە، هەر بۆیە هێندێک جار مرۆڤ هەوڵی داوە بە دۆزینەوەی وڵامێک کە هیچ مەنتقێکی لە پشت نەبووە، خۆی بە قەناعەت بگەیەنێ. لە وەها بارودۆخێکدایە کە بەرەبەرە ئەم وڵامە نامەنتقانە دەبن بە بیرۆکەیەکی گشتی کە بەبێ هیچ چەشنە هۆکار و پاساوێک لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە قەبووڵ دەکرێ.

لێکۆڵینەوەکانیش دەریان خستووە کە بۆچوونە خۆرافییەکان، زۆر جار لە بارودۆخێکدا پەرە دەستێنن کە ئەگەری سەرهەڵدانی مەترسی زۆر لە سەرێیە، یان شانس و هەڵکەوت دەورێکی گرینگی لەم بەینەدا گێڕاوە، بە جۆرێک کە هەر کات شیمانەی ئەوە بکرێ کە کۆنترۆڵی ڕووداوەکان لە دەستی مرۆڤ چۆتە دەرێ، خۆرافاتیش زیاتر پەرە دەستێنێ.

لە لایەکی دیکەوە قەیرانە تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتییەکان، دەورێکی گرینگ لە بڵاو بوونەوەی خۆرافاتدا دەگێڕن، بۆ نموونە لە مێژوودا بینراوە کە هێندێک جار بە تایبەت لە کاتی بڵاو بوونەوەی نەخۆشیی تاعوون و نەخۆشییە کوشندەکانی دیکە، یان لە کاتی هاتنە پێشی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکاندا، خەڵک زیاتر پەنایان بۆ خۆرافات بردووە.

زۆر جار خۆرافات لە کاتی جیاواز و بە شێوەی جۆراوجۆر ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە، بۆ نموونە پشمین کە دیاردەیەکی زۆر ئاساییە لە فەرهەنگی ئێمەدا لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کراوە کە سەبر گرتن یەکێک لەوانە، کاتێک کەسێک دەپشمێ دەڵێن ئەوە سەبر هات وا باشترە بۆ چەند خولەکێکش بووبێ، ئەگەر بە نیازن کارێک ئەنجام بدەن، یان بۆ شوێنێک بچن کەمێکی وەدوا بخەن و سەبری لێ بگرن.

بەڵام لێرەدا نیگەرانییەک لە بابەت باوەڕە خۆرافییەکان دێتە ئاراوە، ئەویش سەرهەڵدانی پێکهاتەیەکە لە خۆرافات و دیاردەگەلێکی وەک جادوو و فاڵ گرتنەوە، ئەم دیاردانە لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا بە ڕێژەیەکی بەرچاو پەرەیان سەندووە و ڕێگەیان بۆ فێڵ و تەڵەکەبازیی کۆمەڵە کەسێکی فێڵباز خۆش کردووە تا لە ڕێگەی تەفرەدانی کۆمەڵە کە بەشێکی کۆمەڵگا خۆیان بە مەبەستە



پیس و چەپەڵەکانیان بگەن، لە ڕاستیدا ئەم کەسە هەلپەرستانە، لە بیر و باوەڕی کەسانی خۆرافاتی وەک کلیلێکی ئاڵتوونی بە قازانجی خۆیان کەلک وەردەگرن.

ئایا خۆرافات تەنیا لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەمدا بوونی هەیە؟ بۆ نموونە باوەڕ بە خۆش شانسیی ناڵی ئەسپ کە چەندین سەدەیە لە نێو ئورووپاییەکاندا باوە، باوەڕێکی خۆرافی نییە؟

بە درێژایی مێژوو باوەڕە خۆرافییەکان و خۆرافیی بوونی خەڵک لە نێو تەواوی کۆمەڵگاکاندا باو بووە و ئێستاش هەر وەک خۆیان ماونەتەوە، باو بوونی باوەڕە خۆرافییەکان لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا پێوەندی بە جۆری بیر کردنەوە، شێوازی ڕوانین و کولتور و چۆنیەتی داب و دەستوورەکانی ئەوان هەیە، بەڵام ئەم شتەی کە ڕەنگە لە نێو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا جیاواز بێ ئاستی ڕەگ و ڕیشە داکوتانی خۆرافات لە نێو هەر کۆمەڵگایەک دایە.

ئەگەرچی لەم سەردەمەدا ڕوو تێ کردنی خەڵک لە باوەڕە خۆرافییەکان زۆرتر لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم، کۆمەڵگا سوننەتییەکاندا دەبیندرێ، بەڵام لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە لە نێو خەڵکی ئافریقادا زۆر زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی جیهان بیر وبۆچوونە خۆرافییەکان پەرەیان سەندووە و هەرچەند لە ئافریقاوە بەرەو ئورووپا هەڵدەکشێن کەمتر هەست بە بوونی خۆرافات دەکرێ بەڵام ئەم دیاردەیە بە یەکجاری بنبڕ نەکراوە.

بۆ نموونە لە کانادا خەڵک باوەڕیان بە بەخت هێنانی ناڵی ئەسپ، نەحس بوونی ژمارەی ١٣ و چاوەزار هەیە و هەروەها لەم بڕوایەشدان کە ئەگەر گۆچان لە کڵێسە دابنێن ئەوا بە شیفای دەردەکانیان دەگەن، هەر بۆیە لە کڵێسە کۆنەکاندا خەڵک بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەدان گۆچانیان بەجێ هێشتووە، ئەوانە ئەم کەسانە بوون کە گرفتاری نەخۆشییەک بوون و بە هیوای وەرگرتنی شیفا گۆچانەکانیان لەم شوێنە بەجێ هێشتووە، چونکی ئەوان کڵێسە بە پیرۆزترین شوێن دەزانن.

نەحس بوونی ژمارەی ١٣، بەدشووم بوونی دەنگی قەلەڕەشە یان کوندەبوو، لە نموونەی ئەم بیرۆکانەن کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا باوە، پەرە سەندنی ئەم بیرۆکانە لە وڵاتانێکی وەک هولەند، نۆرویژ، ئامریکا و بریتانیا لەو پەڕی خۆی دایە.

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە هەرچەند ئاستی فەرهەنگ و کولتوری کۆمەلگایەک نزمتر بێ ئاستی خۆرافاتی بوونی خەڵکی ئەم کۆمەڵگایەش بەرزترە، چونکی خۆرافاتی بوون باوەڕمەند بوون بە کۆمەڵە بیرۆکەیەکی لێڵ و ناڕوونە کە لە نەزانییەوە سەرچاوە دەگرێ و تا ئەم کاتەی کە مرۆڤ بە زانستی تەواو نەگا، ئەوا کۆمەڵگا بە بەردەوامی تووشی خۆرافات و فکر و خەیاڵی ناڕاست دەبێ.

بوونی باوەڕە خۆرافییەکان لە نێو خەڵکی ئێراندا:

پێبەند بوونی خەڵکی ئێران بە باوەڕە خۆرافییەکان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، هەر لە زەمانی زوو ڕا کۆمەڵە خەڵکێک لەم وڵاتە کە بە داخەوە ڕێژەشیان کەم نییە، بۆ چارەسەری گرفتەکانی خۆیان پەنایان بۆ نووشتە و جادوو بردووە، بۆ نموونە بۆ چارەسەری نەزۆک بوونی ژنان، بۆ کردنەوەی بەختی کچان، بۆ دیاری کردنی ڕەگەزی کۆرپە لە نێو زگی دایکدا، بۆ دەرمانی درەنگ منداڵ بوون و منداڵ بوونی دژوار، بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان، بۆ پیرۆز کردنی ڕێوڕەسمەکانی مارە برین و بووک گواستنەوە و سەفەر کردن، تەنانەت بۆ خۆ پاراستن لە هێندێک گیر و گرفت وەک چاوەزار و دوور کردنەوەی مەینەت و بەڵا هێلکە دەشکێنن یان کەلک لە مووروویی شین وەر دەگرن، دیارە ئەم مەسەلە بە شێوەیەک ئاوێتەی ژیانی خەڵک بووە کە نزیک بە تەواوی کار و بەرنامەکانی ژیانی ئەم کەسانە بە تەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی خۆرافاتەوە.

ئایا ڕیشەی هەموو باوەڕە خۆرافییەکان لە نەبوونی زانیاری دایە؟

نەبوونی زانیاری دەتوانێ مەترسیدار بێ، بەڵام دەتوانن چارەسەری بکەن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە داخەوە خۆرافات هیچ چارەیەکی نییە، ئەم کەسانەی کە زانیارییان لە بابەت شتێکەوە نییە بۆخۆیان بە ئەنقەست نەزانیی هەڵنابژێرن، بەڵام کەسانی خۆرافاتی بە ئەنقەست و بە ویستی خۆیان باوەڕە خۆرافییەکان هەڵدەبژێرن، هەر بۆیە نەزانینی ئەوان بە مەیلی خۆیانە.

هێندێک جار کەسێک بۆ قبووڵ کردنی باوەڕێکی خۆرافی، دەبێ بە ئەنقەست بیرۆکەیەک قبووڵ بکا کە بۆخۆشی باش دەزانێ خۆرافاتە و هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، ئەم باوەڕە خۆرافییانە نە تەنیا ئەو کەسە لە نێو دەبەن، بەڵکوو ئەگەر بناغەی ئەم جۆرە بیر و بڕوایانە لە کۆمەڵگا دەگوترێ، ئەوا بێ گومان ئەم کۆمەڵگایەش لە بواری بەها کولتوورییەکانەوە بەرەو فەوتان دەچێ.

لەم بەینەدا تەمەنیش لە هۆگر بوون بە خۆرافاتدا کاریگەری هەیە، چونکە بە هۆی پێش کەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و بە بوونی تێکنۆلۆژی و گەیاندنی زانیارییە گشتییەکان و پێوەندیی هەرچی زیاتری مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر و نوێ خواز بوونی خەڵکی ئەم سەردەمە، ئاستی خۆرافی بوونی چینی لاویش کەمتر بووە، بەڵام هێندێک جار دەبینین کەسانی بەتەمەن، هەر بە شێوەی ڕابردوو پشتیان بە بۆچوونە خۆرافییەکانی خۆیان بەستووە و بەتەمان بەسەر کۆمەڵگادا بیانسەپێنن.

لە پەنا ئەم هۆکارانەدا چەند مەسەلەیەکی وەک ئاستی خوێندەواری و هەڵکەوتویی جوغرافیایی و شوێنی ژیانیش لە ڕوو تێ کردن بەم باوەڕانەدا دەوریان هەیە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org

# وتوویژ لەگەڵ سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**خوێنەرانی ئازیزی گۆڤاری ژنان، خاتوو سۆهیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وتوویژێکی لە ژووری بەرەو رۆژهەڵات لەگەڵ پێک هاتووە کە لێرەدا دەیخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.**
**فەرموون ئەوە دەقی وتوویژەکە؛**

پ١:ئێوە ژن چۆن پێناسە دەکەن
وجودی ژن لە ژیاندا چۆن دەبینن؟
و:بڕوای من وایە ژن قوتابخانەی سەرەتایی ژیانە و گەورەترین مامۆستای مرۆڤ و مرۆڤایەتییە.ئەگەر لەو روانگەوە بروانین کە دایک گەورەترین و قورسترین ئەرکی پێ گەیاندنی کۆمەڵگای لەسەرشانە کە ئەوە خۆی یاسای ژیانە هەربۆیە دەکرێ بڵێن ژن ژیانە ومامۆستای مرۆڤایەتییە.ژن ئەو کەسەیە کە هەمیشە پاڵپشتیت دەکات ، کاتێک کە پێویستیت پێی هەبێت.ژن وەک دایک، خۆشەویست، هاورێ، هاوسەر، خەشک و کچی خۆت بۆ هەموو قۆناغەکان پاڵپشتی بێ بەرامبەر وفیداکارە، بۆیە وەدەکرێ وەک هاوسەنگەر و هاوخەبات ولە یەک رێچکەی سیاسی لە کۆمەڵگاشدا هاوفکروهاوکارێکی باش بێت.کەوا بوو ئەو هەمووە ئەرکە پیرۆزانە کە کەوتۆتە سەر شانی ژنان، ئەوە دەسەلمێنێ کە ژن گەورەو لێهاتوویە و دەبێ خۆی و دەوروبەریشی دەرک بەو راستییە بکەن تا ژیان و کۆمەڵگا بە دوو شاباڵی کە ژن و پیاوان بۆ بەرزترین ئاستی پێشکەوتن بەختەوەری بفرن.
پ٢:یەکیەتیی ژنان کەی دامزرا؟پێناسەی ژن وەک نیوەی کۆمەڵگا چیە لە خەبات و دەتوانێ چ دەورێکی هەبێ؟
و:یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ٢٤ی رەشەممەی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەر دەستی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان وشەخسی پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان دامەزرا.سەرەتا ئەم رێکخراوەیە بە ناوی « یایان » دامەزرا.یەکەم بەرپرسی خاتوو مینا قازی هاوسەری پێشەوا قازی محەممەد بوو.دامەزرانی رێکخراوی یەکیەتیی ژنان بەرلە ٧٠ساڵ و لە هەناوی کۆمەڵگایەکی تا سەر ئێسقان پیاوساڵار ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکرات کە هەر ئەو حیزبەش بوو کە یەکەم کۆماری کۆردستانی دامەزراند، چەندە بیرێکی پێشکەوتن خوازانە ودێموکراتیکیان هەبووە کە لەو کۆمەڵگا سوونەتی وپیاوساڵارەدا ژنان هەم ئیزنی خوێندن وچوون بۆ قوتابخانەیان پێ بدرێ و تەنانەت ئیجباری بکرێ هەم لە رێگای تەشکیلاتێکی تایبەت بە خۆیان گۆرەپانی سیاسی و خەباتیان بۆ واڵا کرا کە هەر ئەو دەستپێکە کە ئەو کات بۆ خەباتی ژنان وەگەر کەوت وپشتیوانی لێ کرا، دانەمرکێتەوە و ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە شکڵی جۆراوجۆردا لە مەیداندابن و تا ئێستاش ئەو رێکخراوەیە بەردوەوامە لە خەبات.
ژن وەک نیوەی کۆمەڵگا دایک و مامۆستایە و نیوەکەی دیکەش دەتوانێ رۆڵی گرینگ بگێرێ لە پێشخستنی کۆمەڵگا، چ لە بواری ئەو ئەرکە گەورەی کە سروشت پێی سپپێردراوە لە پەروەردەی نەوەی نوێیدا بیگێرێ بە هەموو تواناوە هەوڵ بدا منداڵێکی تەندروست لە بواری فکری، جەستەیی ،تەحویلی کۆمەڵگا بدا کە بێ گومان دایکانی تەندروست لە بواری فکریەوە دەتوانن کاریگەری ئەرینیان هەبێت لە سەر تاک و کۆمەڵگا، دەتوانن کۆمەڵگایەکی تەندروست بونیات بنێن.سەرەرای ئەوەش کە رەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی وهتد... لە کۆمەڵگادا ئەکتیڤ و چالاک بێ و خۆی بەدوور نەگرێ لە رووداوەکانی دەورەوبەری وجێی پەنجەی بە هەموو روداوەکان و سەرکەوتنەکانەوە دیاربێ.خۆشبەختانە ژنی کورد تا رادەیەک ئەو رێچکەیەی گرتووە، بەڵام هەیە کاراکتەرێکی کارای گۆرەپانەکەیە ئەگەر کەمیش بێ دیارن.چاو لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەی ژنان بە خۆشیەوە سەلماندوویانە کە ئەگەر هەل و دەرەتانیان پێ بدرێ هیچیان لە پیاوان کەمتر نیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پ٣:به بۆچوونی ئێوه پشگیری ژن چیه بۆ جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵات لە پیناو سەربەستی وماڤی چارەنووسی خۆیدا؟

و:جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد هەر لە دێرزەمانەوە تا ئێستاش مەیدانێکی باش بووه بۆ تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی ژنانی نیشتمان پەروەر و ئازادیخوازی کوردستان.
ژنان لەو جوڵانەوەیەدا قۆناغی جۆراوجۆر ببرن.
ژنان به دەرک کردن بەو راستییه که لە نێو وڵاتەکەیدا خاوەنی سەرەتاییترین مافی ئینسانی خۆی نیه، بەڵام به ورەیەکی بەرزەوه زۆرن ئەو ژنانەی که رۆڵێکی باش و سەرکەوتووانه دەگێرن.
لە هەوڵی هەموار کردنی خەبات دان و بوونەته رێنیشاندەر و پێشەنگ و لە هەموو بوارەکاندا شان به شانی پیاوان تێدەکۆشن و لە شێوەی جۆراوجۆری خەباتی مەدەنی، سیاسی، فەرهەنگی، ژینگه پارێزی، هونەری و هتد... لە مەیداندان و چالاک و ئەکتیڤن که ئەوه خۆی یەکێک لە رێگەکانی گەیشتن به سەربەستی و مافی چارەنووسی خۆیەتی که به تایبەتی ژنانی چالاکی ناوخۆی ولات لەو بوارەدا سەرەرای بوونی زۆر بەربەستی توندوتۆڵ بەردەوامن و قوربانیشیان لەو پێناوەدا داوه.

پ٤:ئایا هەڵوێستی زاڵمانەو هەڵاوردن و هەلسوکەوتی سیاسی سەرکوتکەری رێژیمی ئیسلامی ئێران دەتوانێ ژنان پاشگەز بکاتەوه لە ماف و ویستەکانیان لە نێو کۆمەڵگا؟

و:هەروەک ژنان سەرەرای زاڵبوونی کەشێکی تەواو زاڵمانه و ئەمنیەتی لەسەرکۆماری ئیسلامی ئێران و ئەو هەمووه بەربەست و کۆت و بەندانەی رێژیمی ئێران به گشتی بۆ کۆمەڵگا ئێران و به تایبەتی بۆ ژنانی داناوه، بەڵام بەو حالەش خەباتی بوێرانەیی ژنانی کوردستان بەردەوامه و لە هەموو شێوەکانی خەبات دا بەشدارن و داوای دابین بوونی کۆمەڵگایەکی ئازاد وسەربەست دەکەن.راسته تا ئێستا هەر تاکێک لە هەر شێوەیەک وەها داواکاری دەربڕیوه تووشی زیندان و ئازاردان و ئەشکەنجەو تەنانەت ئێعدامیش بووتەوه، بەڵام ئەو ترسه رەنگه خەباتی کەم رەنگ و بەرتەسک کردبێتەوه بەڵام نەیتوانیوه کپی بکات.
ژنان چ لە نێو خۆی ئێراندا لە ژێر فشاری رێژیمدا و چ لە دەرەوەی سنووری ئێرانیش بەردەوامن لە چالاکی خۆیان و بەردەوامیش دەبن.ژنانی کورد دەبێ لە بەرامبەر ئەو هەموو جیاوازییه و نادادپەروەریه که لە کۆمەڵگای ئێراندا هەیه به بەرنامەوه هەلە زێرینەکان بقۆزنەوه و پەڵ و پۆ بهاوێت و هەولی به ئاکام گەیاندنی خەباتی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکسانی خوازی و لە پاڵ ئەویشدا خەباتی نەتەوەیی هاوتەریب بدا.بروای من وایە خەباتی یەکسانی خوازی و نەتەوەیی نابێ لێک جیا بکرێتەوە چۆنکە تا ژن ئازاد نەبێ تا مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگا دا یەکسان نەبن ئەو کۆمەڵگایە بە سەربەخۆیی تەواو ناگات.

پ٥:هاندان و وشیارکردنەوەی ژنان بەرانبەر مافە رەواکانی کۆمەڵگا یا بە واتایەکی دیکە بەشداریان لە خەبات بە چ شێوەیەک دەبێ ببێ؟ئایا بەشداری ژن لە خەبات رۆڵی ژنیەتی لە ژیان کاڵ ناکاتەوە؟

و:هاندانی ژنان بۆ خەبات ووشیارکردنەوەیان لە مافەکانی خۆیان ئەرکی رێکخراوەکان و nco کانی تایبەت بە ژنانەوە بەواتەیەکی دیکە ئەرکی هێزە سیاسی و نەتەوەییەکانە.بەشداری کردنی ژن لە خەبات دا نابێ پێناسەیەکی جیاواز لە بەشداری کردنی پیاوان لە خەبات داهەبێ.چونکە خەبات هەر خەباتە تەنیا رۆشەنگەری و فەرهەنگ سازی دەوێ بۆ بەشداری پێی کردنی ژنان لە خەباتدا.ئەو فەرهەنگ سازییەش دەبێ لەلایەن بنەماڵەکانەوەو بکرێ کە بەردی بناغەی هەر کۆمەڵگایەکە.

دەگەرێمەوە سەر پرسیاری یەکەم کە باسی بوونی دایکی روناکبیرمان کرد کە لەویدا ئاماژەمان پێ کرد کە دایکی روناکبیر و تێگەیشتوو کۆمەڵگایەکی روناکبیرو سالم بونیات دەنێ.باسی کاڵ بوونەوەی رۆڵی ژنان لە ژیان دا دەکەین!ئەگەر مەبەستمان لە ژن و ژیان تەنیا ئەوە بێ کە ژن ئەرکی پێراگەیشتنی ماڵ وبەخێوکردنی منداڵ بێ ئەوە لە هەڵە داین.بەشدای ژن لە خەباتدا مانا دەبەخشێ بە ژیان مانا دەبەخشێ بە ژنیەتی.ئەوە فەرهەنگی ئەو بنەماڵەیان یان ئەو کۆمەڵگایەیە دەری دەخات کە تا چەند هاوکار و یارمەتیدەر دەبێ بۆ بوونی ئەو مافە کە ژن و پیاو وەک یەک دەبێت.ئەگەر ژیان رێچکەیەکی تەندروستی گرت و دایک و باب بە یەکسانی چاو لە مافەکانی یەکترو منداڵە کچ و کورەکانیان بکەن و هەموویان بەیەکەوە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی یەکسانی خوازی هەر لە سنووری بچوکی ماڵەوە کاریان کرد ئەوە لە بازنەی گەورەتر لە ماڵیش کە کۆمەڵگایە سەرکەوتوو دەبن و چوارچێوەی ژیانی ژن لەو بازنە تەسکەدا نامێنێتەوە کە ئێمە هەمیشە لێ بێگەرانین.ئەویش خەباتی بەردەوامی کۆمەڵگای کوردەواری بە ژن و پیاوەوەی دەوێ.

پ٦:ژنانی سیاسی و بەشدار بوی راستەوخۆی خەبات بە پێی هەلسوکەوتی ناشایستی رژیمی ئیسلامی ئێران دەستیان ئاواڵە نیە !بە بۆچونی ئێوە ژنان لە رۆژهەڵات چۆن دەبێ بەشداری خەباتی سیاسی،مەدەنی یا نەتەوەیی بکەن؟

و:خەبات و تێکۆشانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان وێرای خەبات و تێکۆشانی ژنانی ئێران بۆ گۆرانکاری لە یاسای دژە ژنی کۆماری ئیسلامی،شان بە شانی ژنانی ئێران لە هەمووبوارەکانی سیاسی،کۆمەڵایەتی،فەرهەنگی و....بەرچاو بووە و هەرچەشنە بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی لە ولات سەری هەڵدابێ ژنانی کورد پێشەنگی ئەو بزوتنەوەیە بوون و لەو پێناوەشدا تووشی زیندان ئازار و ...هاتوون.هەر بۆیە ژنانی ئێران بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی هەر وەکوو لە رابردوشدا نیشانیان داوە لە بەرانبەر هەر چەشنە زوڵم و زۆرێکی ریژیمی کۆنە پەرەستی ئیسلامی ئێران دژ کردەوە لە خۆیان نیشان بدەن و پشتی داواکاریەکانی یەکتر بگرن بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئازادیە سیاسییەکانی خۆیان لەوشێوە خەباتەی کە لە مێژ ساڵە گرتویانەتەبەر. لەپەنا ئەوەشدا چارەنووسی گەڵەکەیان لە بیر نەکەن و خەباتی بۆ بکەن و پێوەست بن بەو حەرەکەتە سیاسیانەی کە هەوڵ دەدەن بۆ دەستەبەر بوونی مافەکانیان.چونکە ٣٧ساڵە ئەو رێژیمە ژنی کردۆتە نیوەی شاراوەی کۆمەڵگا و هەوڵی بە کۆیلە کردنی داوە.ژنان بۆئەوە بەو ئامانجە پیرۆزەو بەرحەقەی خۆیان بگەن لەسەریانە بەر لە هەموو شتێک بە خۆ پێگەیاندن و خەباتی بێ پسانەوە لەهەر قالبێکی دابێ لە خەبات نەوەستن و یەکگرتووانە بە گژ ئەو بیرە دواکەوتووە دا بچنەوە.

پ٧:ئایا ژنانی رۆژهەڵات ئاستی رۆشنبیری گونجاویان هەیە تاکوو بتوانن کاریگەری بخەنە سەر رۆڵەکانیان بۆ بەرگری کردن لە دۆزی کوردایەتی؟

و:ژنی کورد هەوڵی خۆی داوە بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ فەرهەنگی سیاسی و بزوتنەوەی ژنان رێک بخات کە هەوڵ بۆ یەکسانی لە کۆمەڵگادا دەدەن و بۆ ئەکتیف کردنی بزوتنەوەی ژنان لە نێو خۆو دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان و رێکخراوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سێنفی و سیاسیەکانی خەباتی کردووە.بزوتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی کە لەسەدەی ٢١دا دەبێ وەک ڕێژیمێکی تەواو دژە ژن پێناسە بکرێ،بە هەوڵی بێ وچانی خۆی نەیهێشتووە کە ڕەوتی ڕوداوەکانی بە بێ مۆرکی ئەو کە ڕەوتی ڕوداوەکانی بە بێ مۆرکی ئەو تێپەر بێ.ژنان هاتوونە سەر ئەو قەناعەتە کە ئەگەر بمانهەوێ بزوتنەوەکەمان سیمایەکی پیاوسالارانەی نەبێت دەبێ کوڕان زیاتر گرینگی بە خەباتی ژنان بدەن تا ژن و پیاو پێکەوە ئەو خەباتە ڕەوا و نەتەوەییە بەرەوپێش بەرین.لەبەر ئەوەی کە ئامێزی ژنی کوردە کە ئەو ژن وپیاوە شۆڕشگێرانە و خەباتکارانە پەروەردە دەبن تا نیشتمان نەبێتە شوێنێکی ئارام بۆ داگیرکەران. دەکرێ هیوامان بەرز بێ بەوەی کە ژنی کورد ئاستی وشیاری نەتەوەیی بەهێزە بۆیە دەتوانین خەباتمان بەردەوام بێ.دیارە هەموو شتێکیش نیسبیەو کارو هەوڵی زۆرمان لەبەر دەمە وەک ژنی کورد.

پ٨:تا چەند ژنان توانیویانە ڕێسا ویاسا کۆن و کلاسیکەکان کە ڕێگرن خۆیان لێ دەرباز بکەن و بەشداری سیاسی مەدەنی بکەن بۆ بەرەوپێش بردنی لایەنی ڕۆشەنبیری کۆمەڵگای کوردەواری بە گوێرەی ستراتیژی نەتەوەیی؟

و:ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەر لە ٧٠ساڵەوە هەوڵیان داوە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە ئاستی زانیاری خۆیان و پیاوان سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانیان بەرنەسەرێ و بارودۆخی نالەباری ژنان ڕۆژهەڵات بە کۆماڵگای جیهانی و ناوخۆیی بناسێنن و بەردەوام لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتەوە بە تایبەت ژنانێک کە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی سێنفی و سیاسی نەتەوەیی دەکەن هەوڵیان داوە سیاسەت و یاسا دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر ژنانی کورد و ئێرانیدا لە قاو داوە و نەریتە چەق بەستووەکانی کۆمەڵگای کوردی دەستنیشان بکەن و بەداوای چارەسەریەکانیدا بگەڕێن.

بۆ خۆ دەرباز کردن لەو یاسا کۆن و کلاسیک و باوانەی کە بەرۆکی کۆمەڵگای کوردی گرتووە و ڕێگرن لە ئاست وشیار کردەوەی کۆمەڵگا ڕەنگە خەباتێکی زۆر چڕ و پڕ نەبێ لە ناوخۆ بەڵام بەردەوامە و دەبێ هەوڵ بدرێ کە هەرچی زیاتر پەرەی پێ بدرێ لە لایان خەمخۆرانی دۆزی ژنان و یەکسانیخوازانی کوردەوە.لەبەر ئەوەی کە ناتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین بەکار هێنانی هەمان ئەو مێشک و هەمان بیرۆکەی کە پەنامان بۆ بردوون لەساتی خولقاندنی کێشەکان ،دەبێ ستراتیژی گەورەی ژنان گۆڕینی عەقلیەتی کۆمەڵگا بێ بە لایەنی ڕۆشەنگەرییەوە.هەروەک ژنانی ناو ڕێکخراوەکانی سەر بە هێزە سیاسییە ڕۆژهەڵاتییەکان هەوڵمان داوە کە پرسی ژنی کورد و ئەو زوڵمانەی لێی دەکرێ بیبەینە نێو کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان و حیزبەکانی خۆمان بێنێتە سەرئەو قەناعەتەی کە لەبەرنامەی سیاسی خۆیان دا پشتگیری پیماننامە نێو نەتەوەییەکانی نەهێشتنی جیاوازی ژن و پیاو بکەن و لەبەرنامەی خۆیاندا بیگونجێنن.

پ٩:ئایا حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات تا چەند گرینگیان بە ڕۆڵی ژنان داوە کە نیوەی کۆمەڵگا پێک دێنن وەک قوتابییەکی پەروەردەیی نەتەوەیی تاکوو بتوانن ڕۆڵەکانیشیان لە سەر ئەوئامانجە پیرۆزە پێبگەینن؟

و:هێزە سیاسییە کوردەکان توانیویانە کۆمەڵێک ژنی چالاک بە بیروباوەر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و ڕۆڵ و دەوری کارایان هەبێ لە کۆمەڵگادا.ئەو ژنانەی کە لە دەوری بەرنامەی هێزە سیاسییەکان کۆبونەتەوە خۆیان لەو بەرنامەیەدا دیتۆتەوە کە بۆ بەرەو پێش چوونی سیاسەتی حیزبەکان دارێژراون.بۆ نمونە ئەگەر وەک نمونەی بەرچاو باسی ئەو حیزبە بکەم کە خۆم تێیدا ئەندامم،حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە پەناویشدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان،دەتوانم بڵێم لە هەردووکیان دا ژنانی ئەوتۆی پێگەیاندووە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دا کە دەتوانن دەوری کاریگەریان هەبێ لە خەباتی نەتەوەیی و وشیارکردنەوەی دەوروبەریان لە بەرنامەی حیزبەکەیان کە لە هیچ کۆی ئەو بەرنامەیەدا ژن و پیاو لێک جیا نەکراوەتەوە. هەر ئەر وماف و ستراتیژیەک هەبێ بێ جیاوازی ڕەگەز تاکەکان خۆی تێی دا دەبیننەوە.بە کورتی دەکرێ بڵێم کە بە بایخدان بە ژنان لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا پاشەکشەی پێ کراوە دەرکی ئەوەی کردووە کە ئەوە زەرورەتەی ژنان دەنێ حزوریان هەبێ لە نێو کاروباری سیاسی


کتێبخانەی دیجیتاڵی ژنان
www.rabari.org

، رێکخراوەیی، حیزبی، کلتوری و کۆمەڵایەتی و بە گشتی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، تاهاتووە بەهێزتر بووە.من خۆم وەک ژنێکی کورد شانازی بە حیزبی دیموکراتەوە دەکەم کە پێشقەدەم بووە بۆ هێنانە کایەی پرسی ژن وەک پرسێکی سیاسی و هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە بە کردەوە خەمی لێ خواردووە.تەنانەت بۆ هێنانە کایەی سیاسی ژنان ساڵانێکە ئەسلێکی پەسەند کردووە و کاری پیی دەکا کە هەڵاواردنی پۆزەتیڤە.ئەم ئەسڵە بۆ ئەوەیە کە ژنان زیاتر مەجالیان بۆ برەخسێ کە لە ئاستەکانی سەرووی ئەو حیزبەدا حزوریان هەبێ و پێی بگەن و دەوریان هەبێ لە هەموار کردنی رێگەی خەباتی ژنان. ئەوە یەکێک لەو پەروەردەو فەرهەنگسازیەیە کە دەبێ دەوڵەت و هێزە سیاسییەکان هەوڵی بۆ بدەن تا ژان چیدی لە پەراوێز دانەبن.ئەسڵی هەڵاواردنی پۆزەتیڤیش لە وڵاتانی زۆهر پێشکەوتوو و دیموکراتیکدا کاری پێ دەکرێ و جواب گوی بەشداری ژنان بووە.ئەوە خۆی یەکێک لە رێگاکانی مەجال خەلقاندن بۆ ژنانە.

پ:ئایا ژن لە رۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند رۆڵیان هەیە لە پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو لەسەر بنەمای نەتەوەیی؟

و:کێشەی کورد کێشەی نەتەوەیی و وڵاتپارێزییە، واتە لەبەر کوردبوون تووشی هەڵاواردنێک بۆتەوە کە لە لایان وڵاتانی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە وەک نەتەوەکانی فارس، تورک و عەرەب کە سیستمی سەقەت و تا سەر ئیسقاندواکەوتوویان دوای شەرە یەک لە دوای یەکەکانەوە بەسەردا زاڵە.هەربۆیە تاکی کورد بە تایبەتی لە نێو خۆی کوردستان نەیتوانیوە وەک خۆی بیر بکاتەوە و لەو نێوەشدا ژنان زیاتر کەوتونەتە بەر ئەو هەڵاواردنە بە ناوی دین و یاساکانی کە بەو ناوەوە پێناسە کراون.هەر بۆیە ژنان نەیانتوانیوە وەک پیویست دەرفەتەکان بقۆزنەوە و یان کۆمەڵگای دژە ژن نەیهێشتووە کە بەشێوەیەکی ساڵم بیر بکاتەوە دەگمەن کەسن ئەو ژنانەی لە روانگەی ناسیونالیزمی کوردی هەوڵ بۆ پەروەردە کردنی نەوەی نوێ دەدەن.بەو هۆیەوە ئەگەر تاکی کورد بە بیری ناسیونالیستی کوردەوە بیر بکاتەوە و خۆی پێناسە بکا ، لە شێوەی روبەروو بوونەوە لەگەڵ ناسنامەکانی دیکەی کۆمەڵگا وەک ژن یا چینێکی زوڵم ، لە شێوەی روبەروو بوونەوە لەگەڵ ناسنامەکانی دیکەی کۆمەڵگا وەک ژن یا چینێکی زوڵم لێکراوی کۆمەڵگا هەمان شێوەی ناسیونالیزمی داگیرکەری کوردستان کە لە شێوەی ئەوانەوە ئەو چەمکەی گرتۆتە بەر، پەرە بە زوڵم و زۆری خۆی دەدا.ئەوە ناکرێ وەک کەم کاری ژنان سەیر بکرێ، دەبێ وەک کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵگای کوردی چاوی لێ بکرێ کە لە داگیرکەرە سەرسەخت و ستەمکارەکانی کوردستانەوە بۆی بەجێ ماوە.هەر بۆیە ژنی کورد رێگایەکی دوورودرێژی لەبەرە بۆ گۆرینی ئەو شێوە روانینە لە ناسیونالیزمی کوردی و بیخاتە مەرِ دۆخی خۆی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرزشی

# یادێک لە پاڵەوانێکی نێودەوڵەتیی کورد



نووسین:ڕەحیم ئەحمەدی

ئێستا ١٢ ساڵ بەسەر کارەساتە دڵتەزێنەکەی بەرزایەکانی کاشێر برۆمی وڵاتی پاکستاندا تێدەپەڕێ. کاتێک هەڵبژاردەی شاخەوانی ئێران بە مەبەستی خستنە ژێرپێی لووتکەی چیای کاشێر برۆم لە ساڵی ٢٠٠٣دا چوونە وڵاتی پاکستان، محەممەد هەورازی کوردو دیارترین شاخەوانی مێژووی یەکیەتیی نێودەوڵەتی شاخەوانیی جیهان بەهۆی ڕنۆی بەفر لە بەرزاییەکانی کاشێر برۆمرا هەڵدێراو پاش ٥ ڕۆژ کاری بەردەوام یاریزانەکانی هەڵبژاردەی شاخەوانی ئێران توانییان ناوبراو بگەیێننە نەخۆشخانەی شەفای پاکستان بە مەبەستی چارەسەری. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە زانییان هەورازی کورد تووشی پێکان بووە لە ناردنی فڕۆکەی تایبەت بە چالاکییەکانی هەڵبژاردەی شاخەوانی ئێران خۆیان بوارد تا ناوبراو ماوەی ٥ ڕۆژ لەژێر بەفرو بۆراندا بێتو ئەفسانەی شاخەوانی جیهان پاش ٢٠ ڕۆژ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٩/٦ بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە کۆمەڵگای شاخەوانیی کوردستانو جیهان کرد. محەممەد هەوراز لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٩ی شاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ناوبراو سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی ،ناوندی و ئامادەیی لە نەغەدە تەواو دەکاتو پاشان بەهۆی هۆگری لە ڕادەبەدەری بۆ وەرزش لە زانکۆی ورمێدا بڕوانامەی بەکالۆریۆس پەروەردەی وەرزش وەردەگرێو لەنێو ٦ میلیارد مرۆڤی سەرگۆی زەویدا یەک لەو دەگمەن مرۆڤانە دەبێت لە ساڵی ١٩٩٨ لووتکەی ئێڤێریست (یان سەربانی دنیا) بە بەرزایی ٨٨٨٤ میترو بە بێ کەڵک وەرگرتن لە کەپسوولی ئۆکسیژن دەخاتە ژێر پێو ناوی خۆیو کورد لە مێژوودا بە گەورەیی تۆمار دەکات. هەر لەو کاتەشدا سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب بۆ هاورێی خۆشەویستی خۆی مۆقبێل هونەرپەژوو کە ئەویش یاریزانێکی ناوداری هەڵبژاردەی شاخەوانیی ئێران بوو دەخوێنێو بەهۆی ئەم کارەیەوە دەکەوێتە بەر ڕقو قینی نامرۆڤانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی. هەوراز لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٣دا بە بڕینی چەندین لووتکەی سەرووی ٨٠٠٠ میتری ٥ میدالیای زێڕو زیو لەسەر ئاستی ئاسیاو جیهاندا بەدەست دێنێ. ناوبراو یەکەم شاخەوانی ئێران بوو کە بڕوانامەی ڕاهێنەری نێودەوڵەتی لە ئەکادیمیای وڵاتی فەڕانسە وەرگرتبوو بۆیە هەمیشە خۆبەخشانە شاخەوانانی کوردی لە شارە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە زانستەکانی چەندین ساڵەی خۆی بێبەش نەدەکرد. ئێستا لە ٧ـەمین ساڵیادی کۆچی ناوەختی هەورازدا جارێکی دیکە یادو ڕابردووی هەورازی کورد بەرز دەنرخێنین. بە داخەوە کورد کوژانی کۆماری ئیسلامی نەیانهێشت ناوبراو زیاتر لە ٣٤ ساڵ بژیت تا بەهۆی سەرکەوتنەکانیەوە زیاتر کورد بە دنیا بناسێنێ. ناوبراو لە ١٤ لووتکەی سەرووی ٨٠٠٠ میتری لەسەر ئاستی دنیادا توانی ٨ لووتکە بخاتە ژێر پێو نێوی کوردستانیان لە کتێبی پێوانەکانی جیهان (گینێس)دا تۆمار بکات. نێوو یادی هەوراز بەرزو پیرۆز بێتو ئاڵای کوردستان هەمیشە شەکاوە بێت.





کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org



# بۆچی ژنانی شاعیر دوای مێرد کردن واز لە شیعر دێنن؟؟

نووسین؛فاتیمە ئختسار
وەرگێر؛عەلی لەیلاخ

ئاساییە کە لە کۆمەلگەی پیاوسالار،پیاو بە شێوەیەک ڕادەێت کە خوازیاری کەمترین بەشداری خێزانەکەیە لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی.لە توێژی ئەدەبی و فەرهەنگی کە زۆرجار بەشیکی بەرچاون لە توێژی خوێندەوار و تێگەیشتوو چاوەڕێ ئەوەدەکرێ کە ڕوانگەیەکی جیاوازتریان هەبێ لە هەمبەر ئەم پرسە.سەرەڕای ئەمە زۆرجار دەبینین کە ژنانی شاعیر دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە ڕێگەیان پێنادرێت هەتا لە کۆروکۆبوونەوە ئەدەبییەکان بەشداری بکەن و ئەوانیش بەبێ هیچ بەرەنگاربوونەوەیەک ئەم هەڵاواردنە قبووڵی دەکەن.

زۆرجار بیستوومانە و دیتوومانە کە ژنێکی شاعیر دوای دەسپێکی ژیانی هاوبەشی بە ویستی مێردەکەی و تەنانەت بە زەخت وزەبری ئەو پێوەندیی لە گەڵ هاورێیانی ئەدیب وشاعیری دەپچڕێ و خەتێک بەدەوری دانیشتنە ئەدەبیەکان دەکێشێ ولە ئاکامدا ورەی بۆ دەسکەوت وپێشکەوت زیاتر دادەبەزێ وچیتر بیر لە بەرهەمی نوێی ناکاتەوە.

جاروبار شاهیدی مامەلەکردنێکی ژێرپێستی وبەدوور لە گووشاروزەبری پیاوەکانین ، کە بە کەڵک وەرگرتن لە عاتیفە و بە هێنانە ئارای سۆزوعیشقی هاوسەرداری وژیانی هاوبەش ،بە بیانوو کردنی بەخێو کردنی منداڵان وئەرکی ماڵداری ، دەبنە هۆی ئەوەی کە ژنی شاعیر کاتی پێویستی بۆ خوێندن وبەرهەم هێنانی ئەدەبیی نەمێنێ وبە نەخوازراویی لە کەشی ئەدەبیات دوور ببنەوە.

لە واقعیدا ئەمە پیاوانن کە بە دانانی هەڵبژاردنی دوبەدویی"هونەر/بنەماڵە" لەبەردەم ژنان ،ئەوان دەخەنە ژێرگوشارو بە پێی بنەماکانی کۆمەڵگەی پیاوسالار ژنی چاک! بنەماڵە و ئەرکیی خێزانداریەتی هەڵدەبژێرێ.

هیندێک جار هونەروشێعر بۆ ژنان زیاتر لەوەی کە ببێتە چالاکییەکی جیددی ،حاڵەتی رابواردن وکات بەسەر بردن بە خۆی دەگرێ.

لە کارگەی ڕاهێنانی تایبەت بە ئەدەبیات و کۆڕوکۆبوونەوە هونەرییەکان و تۆرەکۆمەڵایەتییەکان، بەشداری ژنان ، کوت وپڕو هاوکاتە لەگەڵ پێشکەوتنی خێرایی.بەڵام هێند ناخایەنێ ولە ناکاو لەم کەشە هونەرییە بزر دەبن.

بەڵام پیاوەکان درێژخایەنتر لەم بوارەدا چالاکن وهەورازی پێشکەوتنیان لە بەراورد لە گەڵ ژنان کەمترە.

وا هەست دەکرێ کە ڕوانینی ژنان بە شێعر شتێکی ئیحساسی وڕواڵەتی بی.بەڵام پیاوەکانی گرینگی تایبەت بە شێعرو ئەدەبیات دەدەن و کاتی بۆ تەرخان دەکەن وتێدەکۆشن سەرەڕای گیروگرفتەکانی ژیان وەکوو،کار،گرفتی ژیان و...

درێژە بە چالاکیی ئەدبی خۆیان بدەن و لە فەزای ئەدبیاتدا بمێنەوە.

بەداخەوە بە هۆی بارهێنانی کچان لە کۆمەڵگەی پیاوسالار مەبەستی بەشێکی زۆر لە کچانی ئێمە هەر لە مێرمنداڵییەوە تەنیا و تەنیا پیکهێنانی ژیان هاوبەشی باش و بەدەستهێنانی هاوسەرە...

لە جیاتی ئەوەی کە پێکهینانی ژیانی هاوبەشی وهاوسەر ببێتە ڕێگەخۆشکەری گەیشتن بە ئامانجی گەورەتر لە بواری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێعروهونەرو..خۆدی شووکردن و پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی دەبیتە بەربەستێک سەر ڕێگەی گەشە کردنیان.

بەشیکی زۆر لە کچانی ئێمە بەشداری کردن لە زانکۆو بیاڤەکانی فەرهەنگی، دانیشتنە ئەدەبییەکان دەکەن ئامرازێک بۆ دۆزینەوەی کەسێک بۆ هاوسەرگیری.هەر بۆیە دوای گەیشتنیان بەم مەبەستە چیتر درێژە بە کاروباری هونەری نادەن و وایان پێ باشە کە بە پێی پێوەرەکانی کۆمەڵگە ی پیاوسالاری بجولێنەوە ، کات وساتی ژیانیان بە تەواوی تەرخان بکەن بۆ ئەرکی هاوسەرداری و شێوە هەڵسوکەوتانەی کە نورمی کۆمەڵگەیە و بانگەشە دەکرێ.




کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org

بۆ یارانی شاخ
پێک بە پێکی خۆشەویستیت

بە چێژی شەرابێکی کۆن

لە بەژنی من دەڕژێتە خوار

ئای بۆ ڕێژنە بارانی

تا بیشواتەوە نەنگوڵ نەنگوڵ

لە گەرەک و شەقامی شار

هەورێک بێت و

وەک بەختە بارانی ئاشقان

هەڵیبەژێ و

لە کوێستانا

دایبارێنێ

بەسەر یاخیانی دڵدار

کە جار جارێک

بە هەڵ کەوت
سەرێ لە خیاڵم دەدەی،
دەفری بوونم

سەرڕێژ دەبێ لە هەناسەت...
لێوی تینوم ئەخن کێنم،

چی تر نەکا باسی تاسەت
قاقا و خەندەی چاوەکانم

مەریوانیش تێپەڕ ئەکا
ئەروا هەتا عەرشی خودا...

ڕاستە گیانە بە هاتنت
زۆۆۆر سەرشێت و بێ قەرارم،

بۆ قومێکی لێوەکانت
ماسی وێڵی زریبارم...

بەیان ڕۆژهەڵات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کاروچالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## کۆبونەوەی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکیەتیی ژنان

سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٥ کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حدک لەگەڵ یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆبۆوە.

ئەم کۆبونەوە کە بە بەشداری هەموو ئەندامانی کۆمیتەی بەرێوبەری ،ئەندامانی جێگری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی وراوێژکارانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێک هاتبوو، سەرەتا بەریز کاک خالید عەزیزی مەبەستی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ دەستەی بەرێوەبەریی یەکیەتی ژنان خستە روو کە تاوتوێی حزووری زیاترو بەرەوپێشچوونی ژنان بوو لە نێو حیزب دا و مەبەستی بانگهێشتنی یەکیەتی ژنانی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو گرفتە لە حیزبدا هێنایە بەر باس . ئەوجار خاتوو سۆهیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وێرای خستنە رووی هێندێک رێکاری عەمەلی بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی کەمی حزووری ژنان لە نێو ریزی حیزبدا ، باسی لە دۆخی ئێستای ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کرد وگوتی؛ئێمە پیویستە لەهەوڵی ئەوە دابین کە چۆن دەتوانین پەیوەندی خۆمان لەگەڵ ژنان لە ناوخۆ بەهیزتر بکەین و سەرنجیان بۆ لای خەباتەکەمان رابکێشین .هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە لە نێو خۆشماندا کەم نین ئەو ژنە خەباتاکارانەی کە دەکرێ سەرمایەگوزاریان لەسەر بکرێ لە رووی سیاسی و نیزامیەوە پەروەردە بکرێن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە ،سکرتێری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان ئامادەگی تەواوی خۆیان بۆ هاوکاری وهاوئاهەنگی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربریوە و وەک هەمیشە پشت و پشتیوانی حیزبەکەیان و بە تایبەتی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبن بۆ دیتنەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆدەستەبەر کردنی هەموو مافەکانی رەگەزیی و نەتەوەیی ژنانی کورد . هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە ئێمە دەبێ هەوڵ بدەن کە ئەو هێزە مرۆییەی کە هەمانە وا پەروەردە بکەین تا بتوانن ببنە هێزی کارو وەک هەمیشە پشتیوانی راستەقینەی حیزبەکەمان خەباتی رەوای بن و سیمایەکی پێشکەوتوو لە خەباتی ژنانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بخەینە روو تا حیزبی دێموکرات ببێتە هێزێکی دێموکرات و پشتیوانی ژنان هەروەک بەر لە ٧١ساڵ یەکەم حێزبی مۆدێرنی کوردی بوە کە ژنانی هێناوەتە مەیدانی خەبات .دواتر هەریەک لە بەشداران پرسیار،راو سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان لەم بارەوە دەربڕی و باسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد .

لە کۆتایی دا کاک خالید عەزیزی وڵامی پرسیارەکانی دایەوەو هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە خەباتی چینایەتی وخەباتی نەتەوایەتی چەند ساڵەی ژنانی دێموکرات جیی رێزەو ئێمە وەک حیزبی دیموکرات پشتیوانی لە خەباتی ژنان دەکەین و هەموو هەوڵی خۆمان لە پێناو سرینەوەی جیاوازیدانان لە نێوان و ژن و پیاودا دەدەین و بەوهیوایە بەرەو داهاتوویەکی پڕ لە یەکسانی هەنگاو بنێین کە ئەوە یەکێک لە ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری www.rabari.org

## بەشداری یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ڤێستیڤاڵی ساڵانەی شاری سترۆمێندا



ڕۆژی ٢٤,٦,٢٠١٦ی، زایینی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە هەماهەنگی لە گەڵ چەندین ڕێکخراویکە، لە ڤێستیڤاڵی ساڵانەی سترۆمێندا بە نیشاندانی کولتوور و خواردنی کوردەواری، بەشداریان کرد.

## بەڕیوە چوونی فیستڤاڵی کلتوری گەلان لە شاری ئۆرێبرووی وڵاتی سوئێد



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٦ فیستڤاڵی کلتوری گەلان، لەلایەن ٨ ڕێکخراو لە شاری ئۆرێبروو کە بریتی بوون لە یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی کوردی، ڕەوەندی کوردی، سێنتەری زمانو کلتوری کوردی، ڕێکخراوی ئەمریکای لاتین، ڕێکخراوی سۆماڵی، ڕێکخراوی برووندی، گۆرانی سوئێدی و گۆرانی عەربی، لە ژێر ناوی دونیا

## کردنەوەی دەورەی ئاموزشی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە ناوەندی ٣ی کوردستان



یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەورەیەکی ئامووزشی سەرەتایی ئینگلیزی بۆئەندامانی خۆی لە ناوەندی ٣ی کوردستان بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ کردەوە.

## کۆری ڕێز لێنان بۆ خوێندکاران لە شاری تۆرکۆ لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان



پێکهێنانی کۆری ریز لێنان لە لاوان و منداڵانی سەرکەوتوە لە بوارەکانی خوێندن و وەرزش لە لایەن یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلەند شاری تۆرکۆ!

ڕۆژی ٢٠١٦,٥,٢٨ لە شاری تۆرکۆ شەو ئاهەنگێک بە بۆنەی تەواو بوونی ساڵی خوێندنی ٢٠١٥ /٢٠١٦ لە لایەن یەکیەتی ژنانی دیموکرات بە دەعوەت کردنی لاوان و قوتابیان وبنەماڵەکانیان هەر وەها چەندین کەسایەتی و میوان بەڕیوەچوو.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆبونەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بەڕێوەبەریی لاوان و ژنان

رۆژی سێشەمە، ٢٣ی خەرمانان کاک خالید عەزیزی، سکرتێریی گشتیی حیزبی دێموکرات بەمەبەستی ئاگاداربوون لە تێکۆشان و کار و بەرنامەی ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان بۆ داهاتووی کاری ئەو ڕێکخراوانە لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەو دوو ڕێکخراوەیە کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کاک خالید عەزیزی وێڕای ئاماژە بە دەوری گرنگی لاوان و ژنان لەم سەردەمەدا و کاریگەرییان لەسەر ئاڵوگۆڕەکان، باسی لە دۆخی لاوان و ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کرد و ئاوڕی لە جموجۆڵی مەدەنیانەی لاوان و ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دایە و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنیی ناوخۆی بەرزنرخاند.

لەهەمان کاتدا کاک خالید عەزیزی باسی لە ئەرک و تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنانی دێموکرات لەو قۆناغی ئێستادا کرد و پێداگری لەسەر ئەوەی کە پێویستە ڕێکخراوەکانی تاراوگە هاوکار بن نەک کۆسپ لەبەردەم چالاکی تێکۆشەرانی ناوخۆ، باسی لە تێکۆشانی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان کرد کە دەبێ لە نێو توێژەکانی تایبەت بە خۆیان لە رۆژهەڵاتدا هاوپێوەندییان هەبێ و پێویستە پشتیوانی تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات بن.

لە درێژەی ئەم دانیشتنەدا پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان وێڕای باسکردن لە بەستێنەکانی تێکۆشانی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، باسی لە قۆناغی نوێی خەبات بۆ رۆژهەڵات کرد و فرەچەشنی خەباتی کوردی وەک دەرفەت باس کرد بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری خەباتی رزگاریخوازی بن. ئەو گوتی لە بەردەوامیی ئەو بەشدارییەدا، لاوان و ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێوسیتە خۆیان سازمان بدەن و کلتووری خۆسازماندان لە نێوخۆیاندا بە قوەت بکەن و لە زەرفیەتە قانوونییەکانی نێو کۆماری ئیسلامی بە قازانجی بردنە پێشی پرسی کورد کەلک وەرگرن.

لە بەشێکی دیکە ئەو دانیشتنەدا خاتوو سوهەیلا قادری، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی ژنان وێڕای تاکیدکردنەوە لەسەر قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب ئاماژەی بە تێکۆشانی ژنان لە دنیای مەجازیدا کرد و باسی لەو بەستێنە کرد کە ژنانی رۆژهەڵات دەتوانن بەکاری بێنن بۆ ئاشنا بوون و هوشیار بوون بە مافەکانیان و دنیای مەجازی بکەنە دەرفەتێک بۆ هێنانە گۆڕێی ویستەکانیان.

لەکۆتاییدا ئەندامانی بەشدار بە را و سەرنجی خۆیان باسەکەیان دەوڵەمەند کرد.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دورەیەکی سیاسی و نیزامی بۆ ئەندامانی پێک هێنا.



سەرەتای ئەو دەورەیە ماوەی ١٥رۆژ بە وانەکانی سیاسی، بەهاوکاری فێرگەی سیاسی نیزامی بەرێوەچوو. ئەو دەورەیە بە بەشی نیزامی، بە ئاموزشی چەکی سووک و قورس درێژەی پێدرا.یەکیەتیی ژنان لە کۆتایی ئەو دورە سیاسی و نیزامییە دا جەولەیەکی بۆ بەشدارانی دەورە پێک هێنا کە بەرەوچیاکانی هەڵگوورد سنووری باشووری کوردستان بوو.









لەهەمان کاتدا یەکیەتیی ژنان سەردانی بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد لەوسەردانەدا گفتووگۆیەکی بەرین لەنێوان ئەندامانی ژنان وکادرو پێشمەرگەکانی حیزب کرا. هەروەها باسێکی دیکە بریتی بوو لە کێشەو گیر و گرفتەکانی کۆلبەران(قاچاخچی) چۆنیەتی باری گوزەران و ژیانیان،ئەندامانی ژنان توانیان لە نزیکەوە ئەوان ببین و ئاگادار بن لە ژیانە پر لە مەینەتیەکەیان کە چۆن ئامادەن بۆ دەسکەوتنی پارویێک نان ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوەو رووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ببنەوە کە بە دڕندانەترین شێوە رووبەرویان دەبێتەوە.شایانی باسە کە ئەندامانی ژنان بۆ ماوەی ٣رۆژ لە سنوورەکان مانەوە و درێژەیان بە کاری نیزامی لە چیاکانی هەڵگورد دا. ئەندامانی ژنان هەموویان ئامادەگی مانەوەو خزمەت بە حیزبیان لەو ناوچانە دەربری .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنان و لاوانی دیموکرات بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

کوردستانیانی ئازیز

کادر و پێشمەرگە ئازیزەکان

ئەمڕۆ لە گەلاوێژێکی جیاوازدا، یادەوەری بۆنەیەکی مێژوویی دەکەینەوە کە بوو بە کانگای ناسیۆنالیزمی کوردی و لە هەناوی ویدا ئەرتەش و سروود و ئاڵا و دەوڵەتی کوردی لەدایکبوون.

جابۆیە وێرای ماندوو نەبوونیی لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، بە بۆنەی حەفتا و یەک ساڵ تێکۆشان و نەسرەوتن لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، پیرۆزبایی لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها لە چالاکانی ناوخۆ دەکەم کە بە هەموو شێوازەکان سەرەڕای زوڵم و زۆریی کۆماری ئیسلامی، تەحەمولی هەموو کێشەکانیان کردوە بەڵام هەوڵیان داوە لە هەموو دەرفەتەکان بە حەق کەڵک وەربگرن.

ئەگەر بیرۆکەی دامەزرانی حیزبەکان بۆدەستەبەرکردنی مافەکانی میللەتان و کاریگەرییان لەسەر حکومەتەکان و شێوەی ئیدارەی کۆمەڵگە لە لایەن حیزبەکانەوە، لە سەدەی هەژدەهەمەوە لە ئورووپا هاتەگۆڕێ، ئەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم واتا ٧١ساڵ پێش لە کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد وەک حیزبێکی مۆدێرن لە کۆمەڵگایەکی داخراو و دواکەوتوو و تەنراو بە بیری عەشیرەیی دامەزرا، ئاڵوگۆڕەکانی ئەوکات و تەداخولی زلهێزەکان لە ناوچەدا ئەوەندە خێرا بوو کە لەو هەلومەرجەدا بە دیرایەتی پێشەوا قازی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوی بەرنامەو پرۆژەکانی پێشەوا قازیدا دامەزرا بۆوەی بیری نەتەوایەتی و کوردایەتیی سازمان بدات و بیکا بە دامەزراوەیی، بیکا بە فەرهەنگ و بیباتە نێو کۆمەڵگا و، کۆمەڵانی خەڵکی زۆر بە هەموو جیاوازییەکەوە کە تێیدا بوو، بەشداری ئەوپرۆسەیە بکات. هەربۆیەشە کە نەتەوەی کورد بە پیر و لاو، ژن و منداڵ، هەنوکە دوای حەفتاویەک ساڵ لەسەر رێبازی پێشەوا قازی سوورن و شێلگیرانە و تامەزرۆیانە بەدوای دامەزراندنەوەی کۆماری کوردین لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەمڕۆ ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبێکە کە لە ماوەی خەباتی پڕ لە شانازی خۆی، هەوراز و نشێوی زۆری دیوە و زۆر جار تووشی تێچووی قورسیش بووە، ئەوەی بۆ ئێمەی نەوەی نوێ گرنگە و دەبێ بیکەینە ئۆلگووی خەبات لە ریزەکانی ئەو حیزبەدا ئەوەیە کە لە تەنگانەدا قایم و خۆڕاگربین و لە سەرکەوتن دا لەخۆبایی نەبین. حیزبی دیموکرات پاش ئەوەی بە فۆڕمێکی نوێ و لەژێر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بە پشت بەستن بە هێزی مەزنی لاوان و ژنان درێژەی بە تێکۆشانی خۆیدا و بە قەرەبوو کردنەوەی لاوازییە تئیۆرییەکان و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە پراگماتیزمی لۆژیکی، تێکۆشاوە کە پێشەنگایەتی شەپۆلی نوێی هۆشیاری سیاسی و مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکات، حزبی دیموکراتی کوردستان لەسەربنەمای پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی خۆی، بە زیندوو کردنەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانە جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگەی ناردەوە ئامێزی نیشتمان و هەروەها بە بەهێز کردنی پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی خۆی توانی قەرەبووی هەموو ئەو داکشانە بکات کە بەر لە لەتبوون تووشی هاتبوو.

حیزبی دیموکرات بە دامەزراندنی ریکخراوی تایبەت بە ژنان دەسکەوتێکی گەورەی لەمەیدانی یەکسانیخوازی جێندێریدا تۆمارکرد و هەروەها بە داڕشتنەوەی قەوارەی سازمانی جەوانان و





کتێبخانەی دیجیتاڵی ڕابەری
www.rabari.org

پێدانی فۆرمی نوێی رێکخراوەیی بەو سازمانە لە رابردوودا و هەروەها ئیستاش بە بەشداری پێکردنی لاوان و ژنان لە کایەکانی سیاسیی و بڕیاراتی حیزبیدا، هەوڵیداوە ئەو میراتەی پێشەوامان قازی محەممەد بپارێزێ و لاوان و ژنان بۆ داهاتووی حیزب و بۆداهاتووی کۆمەڵ پەروەردە بکات.

ئێستا کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بلۆکبەندییە ناوچەییەکان لەهەموو کات زەقتر دەردەکەون ئاواتەخوازین کورد بەدەرس وەرگرتن لە رابردوو خۆی نەخاتە بەشێک لەو پرۆسەیە و ئەوەی بۆ کورد دەبێ گرنگ بێت تەنیا یەکیەتیی نەتەوەییە بێ دابەش بوون بەسەر ئەو بلۆکبەندییانە.

ئەمن هیوادارم هەموو لایەکمان بەتایبەت لاوان و ژنان، لەهەموو پارچەکانی کوردستان تێبکۆشین رێگاچارەکان و پرۆژە نەتەوەییەکانمان نەکەونە ژێر بەرژەوەندی تەسکی حیزبی، بەو هیوایە کە لاوان و ژنان لە رۆژهەڵات لە جەریانی خەباتی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد وەک پێشوو پێشەنگ بن و هاوکار بن لە پێناو جێکەوتن و سەرکەوتنی زیاتری بیر و ئاواتەکانی قازی محەممەد و هەوڵ بدەین بۆ بەدیهاتنیان.

لاوان و ژنان پێویستە لە رۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا ئەو پەیامە بەرنە نێو کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵک کە باشترین پیرۆزبایی و رێزلینان لە حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە تیبکۆشن لەهەموو شێوازە رەواکانی خەبات بۆ بەگژداچوونەوەی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەرگرن و هەروەها کۆمڵانی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان دڵنیا بکەنەوە کە ئاواتە دێرینەکەیان واتا رزگاریی نەتەوەیی نێزیکە تا گەیشتن بەم ئاواتە حیزبی دێموکرات بە پشتیوانی لاوانی خەباتکار و ژنانی تێکۆشەر درێژە بەخەبات و تێکۆشانی خۆی دەدات، ئاشکرایە لەحیزبێکدا کە فیداکاری و قوربانیدان لە ئاستی رێبەرانیدا نەهادینە کراو و بوو بە کلتوور، وەک شانازی و ئیفتخار چاوی لێدەکرێ. حیزبی ئێمە لەومەیدانەدا سەربەرزە و لەو پێناوەشدا سێ رێبەری گەورەی فیدای دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی کورد کردوە و نیشانی داوە کە خوێنی سەرکردە لە خوێنی خەڵک سوورتر نییە، ئەوەش بۆتە بەشێک لە حەماسەی مێژوویی دێموکرات.

لە کۆتاییدا بۆجارێکی دیکە یادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، حیزبی کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی، ئێران لەهەموو لایەک پیرۆز بێت، جارێکی دیکە بەسەرنجدان بە رەسالەتی مێژوویی حیزبی دێموکرات زۆر گرنگە کە ئیمەی یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنان دەقی پەیام و بەرنامە و فەلسەفەی حیزبی دێموکرات لەناو لاوان و ژنان و خوێندکاران و مامۆستایان و جوتیاران و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتدا پەرە پێبدەین و چین و توێژەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر رۆشنایی بڕیار و راسپاردەکانی حیزبی دێموکرات لەهەموو شێوازێکی مەدەنیانە بۆ بەگژداچوونەوەی رێژیمی ئێران کەڵک وەربگرن و هەوڵ بدەن دەرفەتەکان بە قازانجی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەڵات بەکار بهێنن.

ئاواتەخوازم حیزبی دێموکراتی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکدا وێڕای حیزب و سازمانەکانی دیکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە نێو کۆمەڵانی خەڵک، لەو شوێنەی کە لێی لەدایک بووە، بە بەشداریی خەباتکاران و تێکۆشەرانی کورد و لایەنەکانی چوارپارچەی کوردستان یادی دامەزرانی بکاتەوە .

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan
No : 44 Date: September 2016



## ژنانی یەکسانیخواز
## لە هێڵی پێشەوەی خەباتی رزگاریخوازانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی